https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.9

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پرۆپ بە نموونە حیکایەتی چل کەزی

پ. د. سیروان جبار امین

زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب

Sirwan.amin@soran.edu.iq

هونەر انوەرمام صوفی

زانکۆی سۆران - فاکەڵتی پەرروەردە

hunar.mamsofi@kue.soran.edu.iq

**پوختە:**

تیۆریزەکردنی بونیاد (Structure)ی حیکایەت سەرەتایەکەی لە فلادیمێر پرۆپەوە دەستپێدەکات، بنەمای تیۆری پرۆپ بریتییە لە بونیادێکی نەگۆڕی یەکبەدوایەکداهاتوو بۆ خوێندنەوەی هەموو حیکایەتەکان. پرۆپ لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەسەر سەد حیکایەت، بەو ئەنجامە گەیشتووە، کە کەسایەتییەکانی نێو حیکایەت کردەوەکانیان جۆراوجۆرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان حیکایەتەکاندا بنیادێکی هاوبەش بەدیدەکرێت، هەروەها پرۆپ پێیوایە کردەوەی کەسایەتییەکان لە چەند ژمارەیەکی دیاریکراودا تێپەڕ ناکات، کە ژمارەیان سی و یەک ئەرکە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی بونیادی حیکایەتی کوردی بە پێی تیۆری فلادیمێر پرۆپ، هەروەها کارێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەرخستنی شوێنی حیکایەتی کوردی لە چوراچێوەی بنەما جیهانییەکانی حیکایەتدا. نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە بریتییە لە حیکایەتێک لە کتێبی (چل کەزی)دا.

**وشە کلیلییەکان:**

مۆرفۆلۆژیا، فلادیمێر پرۆپ، کردەوە (ئەرک)، کەسایەتی، حیکایەتی کوردی.

## شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پرۆپ بە نموونە حیکایەتی چل کەزی

### ١- پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتی کوردی لەسەر بنەمای تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پرۆپ بە نموونەی حیکایەتی چل کەزی). توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ نیشاندان و شیکردنەوەی بونیادی حیکایەتەکە لە ڕێگەی تیۆری فلادیمێر پرۆپ. ئەمەش هۆکارێکە بۆ دەرخستنی لایەنی لێکچوو و جیاوازیی حیکایەتی کوردی و تیۆرەکە. سنووری کارکردنمان تەنیا لە چوارچێوەی یەک حیکایەت دەبێت، ئەویش حیکایەتی چل کەزییە.

**١-١- هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** بۆ کەمیی ئەو کارانە دەگەڕێتەوە، کە بە شێوەیەکی ورد کاریان لەسەر بونیادی حیکایەت کردبێت، لە ڕوانگەی تیۆری پرۆپ، واتە وردی لە هەردوو لایەنی تیۆری و شیکردنەوەی حیکایەتەکان.

**١-٢- پرسیاری توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێک بداتەوە:

- ئایا تیۆری پرۆپ تا چەندە توانای شیکردنەوەی بونیادی حیکایەتی هەیە؟ لە نێویاندا حیکایەتی کوردی.

- ئایا بنەما دەرکەوتووەکان لەم حیکایەتەدا تا چەندە لەگەڵ بنەما جیهانییەکانی حیکایەت دەگونجێن و یەک دەگرنەوە؟

- ئایا دەرکەوتنی ئەرکەکان لە حیکایەتەکەدا هەمان ڕیزبەندیی تیۆرەکەیان هەیە، کە لای پڕۆپ ئاماژەی پێدراوە، یاخود بە شێوەیەکی تێکەڵ دەرکەوتوون؟

**١-٣- گریمانەی توێژینەوەکە:** توێژەر لەم توێژینەوەیە چەند گریمانەیەک دەکات:

- حیکایەت کە گوزارشتکردنە لە ژیانی مرۆڤ لە ڕابردوو، زۆربەی نەتەوەکان لە یەکتر نزیک بوون و لەو ژیانەی هەیان بووە هاوبەشییەک بەدیدەکرێت، پڕۆپیش لە سەر بنەمای ئەم حیکایەتانە بونیادی حیکایەتی دەستنیشانکردووە، بێگومان حیکایەتی کوردیش ڕەنگدانەوەی ژیانی سەردەمی کۆنە، بۆیە دەکرێت حیکایەتی کوردی بە تیۆری پڕۆپ بخوێندرێتەوە.

- گریمانەی ئەوە دەکات لەو حیکایەتەدا ئەرکەکان وەک ئەوەی لە تیۆری پرۆپدا هاتوون بوونیان هەبێت، لە ڕێگەی تیۆرەکەوە بونیادی حیکایەت (فۆرمی حیکایەت)ی کوردی پێ دەنستنیشانبکەین.

- گریمانەی ئەوە دەکات، حیکایەتەکە سەرەڕای هەبوونی جیاوازی لەگەڵ تیۆرەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی هاوبەشی زیاتر بێت.

**١-٤- کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە لەوەدایە، ئەگەر پێمان وابێت گونجاو نییە بە پێی ئەم تیۆرە شیکردنەوە بۆ بونیادی حیکایەتی کوردی بکەین و حیکایەتی کوردی لەگەڵ ئەم تیۆرە ناگونجێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر حیکایەتی کوردی دابڕاوبێت لە بنەما جیهانییەکانی حیکایەت. ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو هاوبەشی و لێکچوونەی حیکایەتی کوردی لەگەڵ بنەما جیهانیەکانی حیکایەت ساغبکەینەوە و دەریان بخەین.

**١-٥- ڕێبازی توێژینەوە:** ڕێبازی توێژینەوەکە (وەسفی- شیکاری)یە.

**١-٦- گرنگیی توێژینەوەکە:** لە بواری ئەدەبی دەردەکەوێت، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی لە بواری فۆلکلۆر و حیکایەت کاردەکەن، بە شێوەیەکی وردتر ئاشنا دەبن بە بنەماکانی تیۆرەکە و شیکردنەوەی بونیادی حیکایەتی کوردی بەو تیۆرە.

**١-٧- ناوەڕۆکی توێژینەوە:** جگە لە پێشەکی و ئەنجام باس لەمانە دەکات: سەرەتا ناساندنی فلادیمێر پرۆپ و ڕوونکردنەوەی مۆرفۆلۆژیای حیکایەت و مۆرفۆلۆژیا، پاشان خستنەڕووی بنەماکانی تیۆری پرۆپ، دواتر شیکردنەوەی حیکایەتەکە بە پێی تیۆرەکە، دواتر پەیوەندی و بەدوایییەکداهاتنی ئەرکەکان خراونەتەڕوو. دوای ئەوە بازنەی کردەوەی کەسایەتییەکان، لە کۆتاییشدا لیستی سەرچاوە و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

## ٢- دەروازەیەک بۆ تیۆری حیکایەتناسیی پرۆپ

### ٢-١- کورتەیەک لە بارەی ژیانی فلادیمێر پرۆپ:

فلادیمێر یاکۆف لڤیچ پرۆپ لە ساڵی ١٨٩٥ لە شاری سەن پیترزبورگ لە بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی لەدایکبووە، لە زانکۆی سەن پیترزبورگ بەشی زانستە زمانییەکانی ڕووسی و ئەڵمانی تەواوکردووە، سەرەتا وەک مامۆستای زمانی ئەڵمانی و ڕووسی لە خوێندنگاکانی ئامادەیی دەستیبەکارکردووە، لە ساڵی ١٩٣٢ چووەتە نێو دەستەی مامۆستایانی زانکۆی لینگراد و تا کۆتایی ژیانی ١٩٧٠ لەوێ ماوەتەوە. سەرەتا لە زانکۆ مامۆستای زمان بوو، دوای ئەوە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە بواری فۆلکلۆردا، هەروەها لە زانکۆ سەرۆکی بەشی فێرکاریی فۆلکلۆر بووە (ایشانی، ١٣٨٩، ٣٠).

فۆلکلۆر لای بونیادگەرەکان گرنگی و بایەخێکی زۆری هەبووە، ئەمەش بەو واتایەی ئەگەر فۆلکلۆر ئەو گرنگییەی نەبوایە کەسانێکی وەکو "پڕۆپ و لیڤی شتراوس و گریماس و فۆکۆ و بارت و دێریدا... هەموو فەیلەسوف و هزرڤانە بنیادگەرەکان نەدەگەیشتنە سەرکەوتنی نوێکاریی ئەمڕۆیان" (ڕەشید، ٢٠٠٦، ١٠٢). ڕاستە بەر لە پڕۆپ و دوای پڕۆپ کەسانێک کاریان لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆر بە دیاریکراوی حیکایەت کردووە، بەڵام ئەوەی پڕۆپ لە وان جیادەکاتەوە، شێوازی کارکردنەکەیەتی، ئەگەر بڕوانینە پڕۆپ بە شێوەیەکی مۆدێرن و نوێ کار لەسەر حیکایەت دەکات، بونیادەکەی دەستنیشاندەکات و دەیکاتە بنەمای کاری خۆی.

پڕۆپ لە تەمەنی خۆیدا چەندین بەرهەمی نووسیووە، بەرهەمەکانی بریتین لە:

مۆرفۆلۆجیای حیکایەت ١٩٢٨، سەرچاوە مێژووییەکانی حیکایەت ١٩٤٦، شیعری شۆڕەشگێڕیی ڕووسی ١٩٥٨، جێژنە لادێییە ڕووسییەکان ١٩٦٣(احمدی، ١٣٧٠، ١٤٤). ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێین و پەیوەستە بە کارەکەمانەوە، مۆرفۆلۆجیای حیکایەت، کە تیایدا پڕۆپ ئاماژەی بە تیۆری حیکایەتناسیی کردووە.

## ٢-٢- مۆرفۆلۆژیای حیکایەت:

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا، پڕۆپ کتێبی مۆرفۆلۆژیای حیکایەتی لە ساڵی ١٩٢٨ نووسیوە. لە "ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لەسەر سەد حیکایەت، توانیویەتی حەوت جۆر کەسایەتی و سی و یەک ئەرک دەستنیشانبکات، بە بڕوای پڕۆپ کردەوەی کەسایەتییەکان ڕێک بەشە پێکهێنەرەکانی حیکایەتن، لەگەڵ ئەوەش بۆ هەر ئەرکێک کە دەستنیشانی کردوون، هێمایەکی تایبەتی دیاریکردووە" (روحانی، اسفندیار، ١٣٨٩، ٦٧).

بابەتی ئەم پەرتووکە دەستنیشانکردنی بچووکترین یەکەی پێکهاتەی دەقە، لەم بارەشەوە "پڕۆپ کردەوەی کەسایەتییەکانی حیکایەت، کە لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو سەد حیکایەتە بەدەستهاتوون، بە بچووکترین یەکەی بونیادی حیکایەت دەزانێت و دەیکاتە پێوەری تیۆرەکەی خۆی و گرنگییەکی زۆری بەم یەکانە داوە. باوەڕی وایە وەک چۆن بەشەکانی گشتێک خشتەکانی هەموویەتی، هەر بەم جۆرەش کەسایەتییەکان و کردەوەکانیان خشتەکانی بونیادی حیکایەت پێکدێنن" (هارلند، ١٣٩٦، ٢١٥). کەواتە تا ئێرە ڕوونە کە بچوکترین یەکەی دەق لای پڕۆپ بریتییە لە ئەرک.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەویە کە ئەرک لای پڕۆپ واتای چی دەگەیەنێت؟ ئەرک لای پڕۆپ بریتییە لە "کردەوەی کەسایەتییەکانی حیکایەت و بەپێی ئەو گرنگییەی کە لە حیکایەتدا هەیەتی پێناسە دەکرێت" (پراپ، ١٣٩٦، ٥٣). ئەم ئەرکانە لە تیۆرەکەی پڕۆپ بە دوو شێوە ئاماژەیان پێدراوە، ئەوانیش یەکەی جێگیر و یەکەی گۆڕاون "یەکە جێگیرەکان ئەو یەکانەن کە هەمیشە لە نێو پێکهاتەی حیکایەتدا هەن، ناگۆڕدرێن، وەکو (کرداری کەسایەتییەکان (ئەرکەکانیان). هەرچی یەکە گۆڕاوەکانن بریتین لە (کەسایەتییەکان و ناوەکان و کات و شوێن و ئامرازەکان) ئەمان بە چەند شێوەیەک لە حیکایەتەکان دەردەکەون و دەبنە هۆی هەمە جۆریی حیکایەتەکان" (پارصا، ١٣٨٩، ٥٦). لێرەدا مەبەستی پڕۆپ ئەوەبوو، ئایا چ شتێک لە کۆی حیکایەتەکان دەگۆڕێت؟ هەروەها چ شتێک ناگۆڕێت؟ وەکو پێشتر ئاماژەمان پێیدا پڕۆپ لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئەو حیکایەتانەی کاری لەسەر کردوون، سی و یەک ئەرکی لێ پێکهێناون، کە بە بنەمای پێکهاتەی حیکایەتیان دادەنێت، لە هەمان کاتدا پڕۆپ لە تیۆرەکەیدا گرنگییەکی زۆری بەم یەکانە داوە، بۆیە "ناسین و دیاریکردنی وردی یەکە جێگیر و گۆڕاوەکانی حیکایەت بە هەنگاوی یەکەمی تیۆرەکەی خۆی دەزانێت" (استاجی، ١٣٩٢، ٣٩).

پرۆپ لە تیۆرەکەیدا ئاماژە بە حەوت جۆر کەسایەتی دەکات لەوانە: ١- کەسایەتیی پاڵەوان کە (مرۆڤێکی) دلێرە و دۆزەرەوەیە، هەندێ جار دەبێتە قوربانی پیلانەکان، بەڵام بەزۆری سەرکەوتووە. ٢- کەسایەتیی کچی پاشا یان ژنێکی چاکەکار، بەهەرحاڵ ژنێک هەیە، کە پاڵەوان بەدوایدا دەگەڕێت. ٣- کەسایەتیی بەخشندە یان پێشبینیکەر، فاڵچی، کە سەرەتا پاڵەوان تاقیدەکاتەوە پاشان دەبێتە یارمەتیدەری ٤- کەسایەتیی یارمەتیدەر و هاوڕێیانی پاڵەوان . ٥- نێرەر، کە پاڵەوان بۆ ئەنجامدانی کارێک دەنێرێت. ٦- کەسێتیی بەدکار و شەڕانگێز کە دوژمنی پاڵەوانن. ٧- کەسێتیی پاڵەوانی ساختە یان گزیکار، کە خۆی لە جێی پاڵەوان دادەنێت (ئەحمەدی، ٢٠٠٤، ١٨٦). هەروەها پرۆپ ئاماژەی بە سی و یەک ئەرک کرووە، لەوانە: ١- دوورکەوتنەوە. ٢- قەدەغەکردن. ٣- سەرپێچی. ٤- پرسیارکردن. ٥- هەواڵدان. ٦- فریودان. ٧- هاوکاریی خۆنەویستانە ٨- خراپەکاری. ٨-أ- کێماسی. ٩- بەیەکەوە بەستنەوە. ١٠- بڕیاردانی قارەمان ١١-ڕۆیشتن ١٢- یەکەمین کاری بەخشین ١٣- کاردانەوەی پاڵەوانی حیکایەت ١٤- بەدەستهێنانی کەرەستەی جادوویی ١٥- گواستنەوە لە سەرزەمینێکەوە بۆ سەرزەمینێکی دیکە ١٦- ڕووبەڕووبوونەوە ١٧- نیشانەکردن ١٨- سەرکەوتن ١٩- چارەسەرکردنی کەموکوڕی ٢٠- گەڕانەوە ٢١- چاودێری ٢٢- ڕزگاربوون ٢٣- ڕۆیشتن لە شێوەی نەناسێکدا ٢٤- بانگەشەی درۆینی پاڵەوانی ساختە ٢٥- کاری سەخت ٢٦- ئەنجامدانی کاری سەخت ٢٧- ناسینەوە ٢٨- ئاشکرابوون ٢٩- شێوەگۆڕین ٣٠- سزادان ٣١- هاوسەرگیری (پراپ، ١٣٦٨، ٩٨).

لە کۆی ئەو کەسایەتی و ئەرکانەی پرۆپ لە تیۆرەکەی دەستنیشانی کردوون، دەکرێت "لە حیکایەت یەک کەسایەتی چەند ئەرکێک لە ئەستۆبگرێت، بۆ نموونە کەسێک دەتوانێت هەم پیاو خراپ بێت، هەم پاڵەوانی ساختە بێت، هەر بەم جۆرە دەتوانرێت یەک ڕۆڵ بە چەند

کەسێک بدرێت، بۆ نموونە دەکرێت لە یەک کاتدا چەند کەسێک ڕۆڵی یارمەتیدەری هەبێت" (اشمیش، ١٣٨٩، ٦٣). بۆیە مەرج نییە بەرانبەر هەر ئەرکێک کەسایەتییەک هەبێت، واتە بە ڕادەی ئەرکەکان کەسایەتی هەبێت، یان بۆ هەر کەسایەتییێک ئەرکێک هەبێت.

سەبارەت بە دەرکەوتنی ئەرکەکان لە هەر حیکایەتێک پرۆپ پێیوایە "ئەستەمە بتوانین حیکایەتێک بدۆزینەوە، کە هەموو ئەرکەکانی بەیەکەوە تێدابێت" (فرضیی، ١٣٩١، ١٦٤،١٦٣). واتە دەستنیشانکردنی ئەو ئەرکانە ئەوە ناگەیەنێت "هەموو ئەو ئەرکانە لەیەک حیکایەت هەبن، بەڵام هەموو ئەو ئەرکانەی لە کۆی حیکایەتەکاندا دەردەکەون، لە سنووری ئەو ئەرکانە تێپەڕناکەن" (عبدالعالی، ٢٠١١، ٣٣). واتە پرۆپ لە ئەنجامی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێکهاتەی ١٠٠ حیکایەت، بەو ئەرکانە گەیشتووە، نەک لە ڕێگەی شیکردنەوەی پێکهاتەی حیکایەتێک، ئەمەش وای کرد، پرۆپ بگاتە ئەو باوەڕەی کە "هەموو حیکایەتەکان پێکهاتەیەکی هاوتایان هەیە، کە لە ڕێگەی کردەوەی کەسایەتییەکانەوە بۆمان دەردەکەوێت نەک لە ڕێگەی خودی کەسایەتییەکان" (خراسانی، ١٣٨٣، ٤٦).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی پرۆپ کە لە سەر سەد حیکایەت ئەنجامی داون، لە چوار یاسا کورت دەبێتەوە ئەوانیش:

١- ئەرکی کەسایەتییەکانی نێو حیکایەت، یەکە جێگیرەکانی حیکایەت پێکدەهێنن، ئەرکەکان جیا لەوەی کێ ئەنجامیان دەدات و چۆن ئەنجامیان دەدات، ئەمانە بەشە بنچینەییەکانی حیکایەت پێکدەهێنن.

٢- ژمارەی ئەرکەکان لە حیکایەت سنووردارە، لە سی و یەک ئەرک تێپەڕ ناکات.

٣- چۆنیەتیی بەدوایەکداهاتنی ئەرکەکان هەموو کات یەکسانە، دەگمەنە هەموو ئەرکەکان لە یەک حیکایەتدا بێن، بەڵام چۆنیەتیی بەدوایەکداهاتنی ئەرکەکان تێک نادات، نەبوونی هەندێک لە ئەرکەکان ڕیز و ڕێکوپێکی نەخشەی ئەرکەکان تێکنادات.

٤-هەموو حیکایەتەکان لە ڕووی پێکهاتەوە وەکوو یەکن، دەتوانین پێکهاتەی کۆتایی بدۆزینەوە (پراپ، ١٣٦٨، ٤٤-٤٦). پڕۆپ لە ئەنجامی شیکردنەوەی سەد حیکایەتی ڕووسی، توانیویەتی بونیادی گشتیی حیکایەت دەستنیشانبکات، واتە بونیادی کۆتایی، کە باوەڕی وایە هەموو حیکایەتەکان یەک جۆر بونیادیان هەیە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین، کە گرنگترین تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆجیای پڕۆپ، باوەڕبوونێکی بەهێزە بە کردەوەی کەسایەتییەکان، تەنانەت تیۆرەکەشی هەر لەسەر ئەم بنەمایە بنیادنراوە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشمان، ئەویش ئەوەیە، ئایا دەگونجێت تیۆرەکەی پڕۆپ لەسەر حیکایەتی نەتەوەکانی دیکە پراکتیزەبکرێت، کە لە دەرەوەی لێکۆڵینەوەکەیدانە و بە پێی ئەم تیۆرە حیکایەتەکانیان هەڵبسەنگێندرێن و شیکردنەوەیان لە بارەوە بکرێت؟ لە ڕاستیدا "پڕۆپ لە لێکۆڵینەوەی مۆرفۆلۆجیای خۆیدا حیکایەتی چەند نەتەوەیەکی وەرگرتووە، بەڵام ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دەتوانین بگوازینەوە بۆ حیکایەتی نەتەوەکانی دیکە" (فرضی، ١٣٩٦، ١٢٠). کەواتە ئێمە کار بە تیۆرێک دەکەین، بۆیە کوردیش وەکو هەر نەتەوەیەکی تر دەتوانێت سوود لەم تیۆرە وەربگرێت و لە ڕێگەیەوە بونیادی حیکایەتی کوردی دەستنیشانبکات.

**٢-٣- مۆرفۆلۆژیا:**

وەکو پێشتر لە بابەتی مۆرفۆلۆژیای حیکایەت ئاماژەمان پێدا، پرۆپ لە ساڵی ١٩٢٨ نووسیویەتی، وەک چۆن لە ناوی پەرتووکەکەیەوە دیارە و هەر لەوساوە باسی لە بابەتی مۆرفۆلۆجیا کردووە. واتە "مۆرفۆلۆجیا وەکو زانستێک لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بە دیاریکراوی ژانری حیکایەت، یەکەمجار بۆ لای زانای ڕووسی فلادیمیر پرۆپ دەگەڕێتەوە" (پروینی، ١٣٨٧، ١٨٧). بەڵام سەبارەت بە وشەی مۆرفۆلۆجیا "لە بایۆلۆژیا وەرگیراوە، زانستێکە باس لە چوارچێوە و ڕواڵەتی زیندوو و نازیندوو دەکات، بە گشتی لە بواری شێوە دەرەوە کار دەکات"(سرامی، ١٣٦٨، ٣). واتە مۆرفۆلۆجیا کار لەسەر بونیادی دەرەوەی شتەکان دەکات، ئینجا ئەو شتە زیندوو بێت یاخود مردوو.

بەر لەوەی مۆرفۆلۆجیا لە بواری ئەدەب یاخود لە بواری حیکایەتناسی بەکاربێت "ئەم وشەیە یەکەمجار لە زانستی ڕووەکناسیدا بەکارهاتووە، بە واتای لێکۆڵینەوە و ناسینی بەشە پێکهێنەرەکانی ڕووەک و پەیوەندیی ئەم بەشانە لەگەڵ یەکتر و هەروەها پەیوەندی هەر بەشێک لەگەڵ خودی ڕووەکەکە، واتە لێکۆڵینەوە لە چوارچێوە و پێکهاتەی ڕووەک بوو" (پراپ، ١٣٩٦، ١٧). بەڵام لە بواری ئەدەب مۆرفۆلۆجیا بە واتای "خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پێکهاتەگەرایانەی حیکایەت دێت" (پروینی، ١٣٨٧، ١٨٧). واتە مۆرفۆلۆژیا بە واتای "خوێندنەوەی بەشە پێکهێنەرەکانی حیکایەت دێت، لەلایەک پەیوەندیی ئەم بەشە پێکهێنەرانە لەگەڵ یەکتر، لەلایەکی تر پەیوەندیی کۆی بەشەکان لەگەڵ خودی حیکایەت" (عرب نژاد،١٣٩٥، ٢٤). واتە دابەشکردنی حیکایەت بۆ چەند یەکەیەک، بەڵام نەک بە واتای یەکەی سەربەخۆ و دابڕاو لە یەکتری، بەڵکو دابەشکردنی حیکایەت بە سەر چەند یەکەیەک ئەمەش لە

چوارچێوەی سیستەمێک، لە لایەک پەیوەندیی یەکەکان لەگەڵ یەکتر و لەلایەکی دیکە لەگەڵ تەواوی حیکایەت.

پرۆپ لە تیۆرەکەی وەها سەرنجی دەخستە سەر مۆرفۆلۆجیا وەکو "لایەنێکی فۆرمگەرایی، بە مانای لێکۆڵینەوەی فۆرم و شێوەکان، لەو بڕوایەدابوو، وەکو پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕووەک دەتوانین لێکۆڵینەوە لە فۆرم و شێوەی حیکایەتەکان بکەین" (اشرافی، ۱۳۹۳، ۲۸). ئەوەی پرۆپ ئامانجیەتی کاری لەسەر بکات، لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی حیکایەتەکان، تەنیا بونیادی دەرەوەی حیکایەتەکانە، بەڵام بە جۆرێک کار لەسەر پێکهاتە بکرێت، وەک ئەوەی لە تاقیگە شیکاری بۆ بکرێت، پرۆپ لەم بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات و دەڵێت "وەک چۆن تێکەڵە کیمیاییەکانمان خوێندووە، بەهەمان وردیش شێوە و پێکهاتەی حیکایەتەکان بخوێنینەوە" (پراپ، ۱۳٦۸، ۱۱). چونکە جارێک ئەرکەکان لەگەڵ یەک پەیوەندییان هەیە، جارێکی دیکە ئەرکەکان لەگەڵ کۆی حیکایەتەکە پەیوەندییان هەیە، بۆیە پرۆپ پێی وایە دەبێت وردی لە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی ئەرکەکاندا هەبێت.

ئەوەی پرۆپ لەگەڵ لێکۆڵەرانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە "ئەوانی پێش پرۆپ لە ڕێگەی کەسایەتییەکان یاخود ناوەڕۆکی حیکایەتەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەی حیکایەتەکان دەکرد" (میرعلی، ۱۳۹۱، ۸٤). بەڵام پرۆپ تێڕوانینێکی جیاوازتری هەیە و پێیوایە "هەموو حیکایەتەکان چوارچێوەیەکی یەکسانیان هەیە، کە لە ڕێگەی کردەوەی کەسایەتییەکانی نێو حیکایەتەکان دەردەکەوێت" (خراسانی، ۱۳۸۳، ٤٦). بۆیە هەموو ئەوانەی بەر لە پرۆپ، کە لە ڕوانگەی ناوەرۆک، کاریان لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان دەکرد، لای پرۆپ گومان لە سەر شێوازی کارەکانیان دەکرا، چونکە پرۆپ بڕوای وابوو "کار کردن لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکان بەپێی ناوەرۆکەکانیان سەرکەوتوو نابێت و ئالۆزی لەدوایە"

(پراپ، ١٣٩٦،٢٨). چونکە بە ڕای ناوبراو لە ئەنجامی بەراوردکردنی فۆڕمی دەرەوەی حیکایەتەکان لێکچوونەکانیان جوانتر و ڕوونتر دەردەکەوێت، بۆیە پێیوایە بەراوردکردنیان بەپێی ناوەڕۆک نەک سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو کارەکە ئاڵۆزیش دەکات، بۆیە پرۆپ تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە حیکایەت لە ڕوانگەی ناوەڕۆک نەوەستا، بەڵکو مەبەستی بوو کار لەسەر خودی دەق بکات، ئەم کارکردنەشی تەنیا لایەنی فۆڕمیی حیکایەتی گرتەوە، بۆیە توێژینەوەکەی پرۆپ تەنها "باری ئاسۆیی یان ڕیزبوونی کاتی ڕووداوەکانی حیکایەت دەگرێتەوە، کاری بەسەر باری ستوونی حیکایەتەوە نییە" (اشرافی، ١٣٩٣، ٢٨). واتە هەموو ئەوەی دەیەوێت لە نێو پێکاتەی دەق دەیدۆزێتەوە، بە هیچ جۆرێک هەنگاو بەرەو دەرەوەی دەق نانێت، ئەگەر لەمە دەرچوو، هەم شێوازی کارکردن و هەم تیۆرەکە گۆڕانی بەسەردادێت، دوای پرۆپ لیڤی شتراوس دێت، کە کار لەسەر ئەفسانە دەکات، لەلایەک سوود لە تیۆرەکەی وەردەگرێت و لەلایەکی دیکە سوودوەرگرتنەکەی وەکو ڕەخنە وایە بەرانبەر بە تیۆرەکەی پرۆپ، واتە سوود لە پرۆپ وەردەگرێت بەڵام بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانی.

لیڤی شتراوس "سەیری ئەفسانە جیاوازەکانی دەکرد وەکو جۆراوجۆریەتی لە ژمارەی بیرۆکە بنچینەییەکاندا، لەژێر گۆڕانکارییە زۆرەکانی ئەفسانەکاندا چەند بونیادێکی دیاریکراوی جێگیری گەردوونی بوونی هەبوو، کە دەکرا ئەفسانەیەکی دیاریکراوی بۆ بگێڕدرێتەوە، یان تیایدا کورتبکرێتەوە، ئەفسانەکان جۆرێکن لە زمان کە دەشێت بۆ چەند یەکەی تاک هەڵبوەشێندرێتەوە، هاوشێوەی یەکە دەنگییە بنچینەییەکانی زمان (فۆنێمەکان)، کاتێک ئەمانە بە ڕێگەی دیاریکراو یەک دەگرن، مانا بەدەستدێنن، ئەو یاسایانەی ئەم یەکگرتنانە بەڕێوەدەبەن، دەشێت وەکو جۆرێک لە ڕێزمان سەیر بکرێت، واتە زنجیرەیەک پەیوەندی لەژێر ڕووکەشی گێڕانەوەکاندا مانای ئەفسانەکان پێکدەهێنن، ئەم

پەیوەندییانەش وەکو لیڤی شتراوس دەبینێت، ڕەگ و ڕیشەیان لە زیهنی مرۆڤ خۆیدا چەقیوە، لەبەر ئەوە لە توێژینەوەی هەر ئەفسانەیەکدا کەمتر سەیری ناوەرۆکی گێڕانەوەی ئەو ئەفسانەیە دەکەین، بە بەراورد بە سەیرکردنی کردارە زیهنییە گەردونییەکان، کە پێکیدەهێنن" (ئیگلتن، ٢٠١٦، ٢٣٦، ٢٣٧). لیڤی شتراوس بە هەمان شێوەی پڕۆپ دەق دابەش دەکات بۆ چەند یەکەیەک، ئەمانە بەیەکەوە مانا پەیدا دەکەن، کاتێک یەک دەگرن هاوشێوەی پڕۆپ کە پێی وایە پەیوەندی لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی حیکایەتدا هەیە، بە یەکگرتنیان مانا پەیدا دەکەن، بەڵام ئەوەی هەردووکیان لەیەکتر جیادەکاتەوە، پڕۆپ بەشێوەی ئاسۆیی کار لەسەر دەق دەکات، بەڵام لیڤی شتراوس بە شێوەی ستوونی، واتە پڕۆپ ئامانجی شکردنەوەی حیکایەتە بە مەبەستی دیاریکردنی بونیادەکەی، بەبێ ئەوەی دەق بە دەوروبەرەکەی ببەستێتەوە، وەک لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی، تەنیا ئامانجی وردبوونەوەیە لە خودی دەق. بەڵام لیڤی شتراوس تەنها ئامانجی لێکۆڵینەوەی لە چوارچێوەی دەق نییە، بەڵکو پێی وایە دەبێت ئەنجامی توێژینەوەکە بە جیهانی دەرەوەی دەق گرێ بدرێت، وەکو کلتوور کە دەقەکەی تێدا دروستبووە، واتە کردارە زیهنییە گەردوونییەکان کە دەقەکە پێکدەهێنن، بەڵام پڕۆپ بە هیچ شێوەیەک ناگەڕێتەوە بۆ ئەو جیهانەی بووەتە هۆی دروستبوونی دەق.

یەکێک لەو ڕەخنانەی لە تیۆرەکەی پڕۆپ دەگیرێت و بە کەموکوڕی لە سەری هەژماردەکرێت، ئەوەیە، گوایە "پڕۆپ سەرنج دەخاتە سەر بەشە سەرەکییەکان و بەشە لاوەکییەکان وەلاوە دەنێت، هەر بۆیە لە شێوازەکەی پڕۆپدا وردەکارییەکانی قارەمانی حیکایەت و بە گشتی وردەکارییەکانی دیکە باس ناکرێت، لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتووری حیکایەتەکانیش وەلاوە دەنێت" (پروینی، ١٣٨٧، ١٩٢). دیارە پڕۆپ لە وەلانانی وردەکارییەکان و لایەنی کۆمەڵایەتی و کلتووری بێئاگانەبووە و تەنیا کاری لەسەر بونیادی دەق کردبێت "پڕۆپ بەرانبەر ئەم بابەتە

کەمتەرخەم نەبووە و دەشیزانی پێویستە باسیان بکات، بەڵام پێی وابوو، ئەم هەموو بابەتانە لە توانا و شارەزایی لێکۆڵەرێکی مۆرفۆلۆجیستیدا نییە" (پراپ، ١٣٦٨، ٦٤). چونکە بەستنەوەی دەق بە دەوروبەرەکەی و گەڕانەوەی بۆ لایەنی کلتووری و کۆمەڵایەتی و گەڕان بەدوای تەواوی هۆکارەکانی دواوەی دروستبوونی هەر جووڵەیەک (ئەرک) لە دەقدا، کارەکە ئەوەندە گران دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی لە توانای هەموو لێکۆڵەرێکدا نەبێت.

## ٣- پراکتیزەکردنی تیۆری پرۆپ لەسەر حیکایەتی چل کەزی:

### ٣-١- کەسایەتییەکانی نێو حیکایەتەکە:

| ژ | کەسایەتی | نموونەی حیکایەت |
|---|---|---|
| ١ | پاڵەوان | ئەحمەد |
| ٢ | شازادە خاتوون | چل کەزی |
| ٣ | بەخشندە یان پێشبینیکەر | سوارە نیقاب پۆشە ڕەشەکە |
| ٤ | یاریدەدەران | دێوە زۆر خۆرەکە، دێوی سوک، شێر، ئەو دوو پیاوەی ساردو گەرمیان بەدەستە، پیاوە ئیختیارەکە |
| ٥ | نێرەر | دێو |
| ٦ | دژەپاڵەوان | دێو |
| ٧ | پاڵەوانی ساختە | ــــ |

### ٣-٢- ئەو ئەرکانەی لەم حیکایەتە دەرکەوتوون:

٣-٢-١- یەکێک لە ئەندامانی خێزان لە ماڵەوە دووردەکەوێتەوە.

(پێناسە: دوورکەوتنەوە. هێما: β)

ئەم ئەرکە چەند شێوەیەکی جیاجیای هەیە، لەوانە:

١- شێوە ئاساییەکەی دوورکەوتنەوە: دەکرێت هەندێک جار ئەوەی دووردەکەوێتەوە، لە کەسە بە تەمەنەکانی بنەماڵە بێت، دایک و باوک بۆ سەر کارکردن دەچنە دەرەوەی ماڵەوە، ڕۆیشتن بۆ دارستان، ڕۆیشتن بە دوای بازرگانیکردندا، ڕۆشتن بۆ شەڕ $\beta^1$.

٢ سەختترین جۆری دوورکەوتنەوە بریتییە لە: مردنی باوک و دایک $\beta^2$.

٣- هەندێک کات کەسانی گەنج دووردەکەونەوە، دەڕۆن بۆ سەردان و گەشت، کات بەسەربردن، ڕاوەماسی $\beta^3$. ( V.Propp، ٢٠٠٩، ٢٦).

یەکەمین ئەرک لە تیۆرەکەی پڕۆپ بریتییە لە دوورکەوتنەوە، ئەم ئەرکە لە نێو ئەم حیکایەتە بەهەمان ڕیزبەندی، وەک یەکەم ئەرک دەرکەوتووە "بابە دەرێن لە فران شاری چل کیژ هەیە لە یەک داک و بابی. وەڵا گۆتی ڕۆیشتن ... قۆناغەک ڕۆیشتن" (٤٥). لێرەدا چل کوڕی پاشا لە پێناو بەدەستهێنانی چل کچ لە ماڵەوە دوورکەوتنەوە، شێوەی دوورکەوتنەوەکە بریتییە لە دوورکەوتنەوەی کوڕە گەنجەکانی پاشا بۆ گەشتێکی دوور و درێژ، کە ئەویش شێوەی سێیەمی دوورکەوتنەوەیە $\beta^3$.

٣-٢-٢- ڕێگریکردن لە پاڵەوانی حیکایەت لە بەرانبەر ئەنجامدانی کارێک.

(پێناسە: قەدەغەکردن. هێما: $\gamma$.

ئەم ئەرکەش چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت، لەوانە:

١- ڕێگریکردن لە ئەنجامدانی کارێک: ئەمەش بە چەند شێوەیەک دەکرێت، هەندێک کات دەکرێت ڕێگریکردنەکە بە شێوەی ئامۆژگاری بێت، یان بە شێوەی پێشنیاز بێت، یاخود بە شێوەی فەرماندان بێت، هەندێک کات بە شێوەی پاڕانەوەیە $\gamma^1$.

٢- شێوەی پێچەوانەی ڕێگریکردن: ئەم شێوەیە ڕێک پێچەوانەی شێوەی یەکەمە، ئەگەر لە شێوەی یەمەکەم فەرمان بە ئەنجامنەدان کرابێت، ئەوا لەم شێوەیەدا فەرمان بە ئەنجامدانی دەکرێت $\gamma^2$ (پروپ، ١٩٩٦، ٤٣).

دوای ئەوەی کوڕەکان لە ماڵەوە دەردەکەون، لە ڕێگادا بە پیرەمێردێک دەگەن و پیرەمێردەکە بە ئەحمەد دەڵێت "ئەو قۆناغە گەلە خەتەرە، کەس ناوێرێ پیَدا بڕوات" (٤٥) بۆیە لێرەدا پیرەمێردەکە ڕاستەوخۆ پێیان دەڵێت ئەو ڕێگایە مەترسی هەیە و پێیدا مەڕۆن، واتە پیرەمێرد ڕێگری دەکات لە ئەنجامدانی کارێک، ڕێگرییەکەشی بە شێوەی ئامۆژگارییە $\gamma^١$.

٣-٢-٣- ڕێگریکردنەکە دەشکێنرێت (قەدەغەشکێنی)

(پێناسە: قەدەغەشکێنی. هێما $\delta$)

ئەرکی سەرپێچی پەیوەستە بە شێوەکانی ڕێگریکردن، لە ڕاستیدا ئەرکەکانی (ڕێگریکردن و بنپێکردنەکەی) دوو بەشن. هەندێک کات لەوانەیە بەشی دووەم بە تەنیا ڕوودات. بەبێ هەبوونی ڕێگریکردن، بۆ نموونە کچەکانی پاشا دەچنە دارستان، لە هاتنەوەیان بۆ ماڵەوە دوا دەکەون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە دواکەوتن لە دارستان و نەگەڕانەوەیان بۆ ماڵەوە سەرپێچییان ئەنجامداوە، بەبێ ئەوەی پێشتر ڕێگرییەکە هەبووبێت و ڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدرابێت (پراپ، ١٣٦٨، ٥٤). لە

بارە ئاساییەکەی بە گشتی سەرپێچی بریتییە لە خستنە ژێر پێی ڕێگریکردن بە هەردوو شێوەکەی ($\gamma^1$ و $\gamma^2$) کە پێشتر ئاماژەی پێدرابێت. بەڵام لە لایەکی تر مەرج نییە هەموو کات ڕێگرییەکەی لە پێش هاتبێت و ئاماژەی پێدرابێت، کە مانەوە لە دارساتان و دواکەوتن کارێکی خراپ و ترسناکە، زۆربەی کاتەکان ڕووداوەکان لەو کاتەوە دەستپێدەکەن، کە قەدەغەشکێنی ڕوودەدات.

ئەگەرچی پیرەمێردەکە بە دیاریکراوی ئامۆژگاری ئەحمەد دەکات، پاشان ئەویش داوا لە براکانی دەکات، کە ئەو پیرەمێردە دەڵێ ئەو قۆناغە ترسناکە "کاکە ئەو ئیختیارە دەرێتن کەس لەو قۆناغەی نەڕواتن. گۆتیان: کوڕە دەبڕۆ ئیختیار چوزانی ئەمە چل سوارین" (٤٥) کوڕەکان گوێ نادەن بە قسەکانیان و سنووری ڕێگرییەکە دەبەزێنن و دەڕۆن، ئەگەرچی ئەحمەد هەوڵیدا لەگەڵیان، بەڵام ئەوان بەردەم بوون لە ڕۆشتن بەو ڕێگایەدا، ئەویش لەگەڵیان ڕۆشت، بۆیە ئەویش دەبێت چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو قەدەغەشکێنییە بێت، لێرەدا هەمان ئەو ڕێگرییە بنپێکراوە کە پێشتر ڕێگریان لێکراوە و پێیان وتراوە.

٣-٢-٤- دژە پاڵەوان تێدەکۆشێت هەواڵ و زانیاری وەربگرێت.

(پێناسە: پرسیارکردن، هەواڵوەرگرتن، هێما: ε )

لەم ئەرکەدا دژە پاڵەوان گەڕان و پشکنین دەکات و هەوڵدەدات زانیاری کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی هەندێک شت بزانێت لە بارەی کەسی پاڵەوان، یاخود لەبارەی کەسێکی نادیار یان دۆزینەوەی شوێنی چەند کەل و پەل و ئامێری گرانبەها.

ئەم ئەرکە چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت:

١- پرسیارکردن لە پێناو وەرگرتنی هەواڵ، واتە دژە پاڵەوان پرسیار دەکات تاوەکو زانیاری کۆبکاتەوە ε[1].

٢- شێوازی هەڵگەڕانەوە (پێچەوانە) واتە پاڵەوان پرسیار لە دژە پاڵەوان دەکات، لە ڕێگەی ئەم پرسیارکردنەوە دژە پاڵەوان زانیاری وەردەگرێت و بەوە دەگات کە مەبەستیەتی ε[2].

٣- هەندێک کات پرسیارکردن و زانیاری کۆکردنەوەکە لە ڕێگەی کەسی سێیەمەوە ئەنجامدەدرێت ε[3] (پراپ، ١٣٩٦، ٩١). واتە کاتێک کەسێک پرسیار لە پاڵەوان دەکات، پاڵەوانیش وەڵامی دەداتەوە، لەو کاتەدا دژە پاڵەوان زانیارییەکەی پێ دەگات، بێ ئەوەی خۆی پرسیار بکات و لە نێو بابەتەکە بێت.

لێرەدا دێوەکە گفتوگۆ لەگەڵ ئەحمەد دەکات، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لە بارەی شتێکی گرنگ کە خۆی مەبەستیەتی، نەک زانیاری لەبارەی خودی پاڵەوان، وەک لە حیکایەتەکەدا دیارە: "ئەحمەد دونێ شەوێ برایەکت کوشتم، پێرێ شەویش برایەکت کوشتم، هەنووکە ڕوحت لە بەر دەستم هەر قورتار نابی، بچی یە بن هەوری دەرت دەینم، ئەوجا ئەگەر شەرتم لەگەر دەکەی چل کەزیم لە بۆ دەینی شەرت بی عەفووت دەکەم، چل کەزیم لەبۆ نەینی هەنوکە دەتکوژم، لە بەر دەستی من قورتار نابی کەس، ببی‌یە کێشکە قوتار نابی" (٤٦). ئەوەی مەبەستی دێوە زانیاری وەرگرتنە لەبارەی بەدەستهێنانی چل کەزی، شێوەی هەواڵوەرگرتنەکە دژە پاڵەوان پرسیار لە پاڵەوان دەکات، بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کەسێک، کە دەیەوێت بەدەستیبێنێت ε[1]. ڕاستە دژەپاڵەوان دەزانێت چل کەزی هەیە و دەشزانێت بەدەستهێنانەکەی سەختە، بۆیە پرسیارکردنەکە لەبارەی هەبوون و بەدەستهێنان نییە، بەڵکو دەیەوێت

بزانێت ئایا پاڵەوان بۆی دێنێت یاخود نا، پرسیارکردنەکە لە بارەی هێنانی چل کەزییە.

٣-٢-٥- هەندێک زانیاری دەربارەی پاڵەوان بە دژە پاڵەوان دەدرێت.

(پێناسە: هەواڵدان. هێما: $\zeta$ )

ئەم ئەرکەش چوار شێوە لەخۆدەگرێت:

١- دژە پاڵەوان ڕاستەوخۆ هەواڵەکەی دەست دەکەوێت، ئەوەشیان بە گشتی بە شێوەی گفتوگۆ ڕوودەدات $\zeta^1$. لەم جۆرە باسەدا زۆربەی کات بەشی دووەم بە تەنیا و بەبێ بەشی یەکەم ڕوودەدات. لەم حاڵەتە بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە بە شێوەیەکی بێئاگایی ڕوودەدات.

٢- شێوەی پێچەوانە و جۆرەکانی تری پرسین و بەدواداچوون، وەڵامی تایبەت بە خۆیان دبێت. واتە بەبێ پرسین، پاڵەوان هەواڵ بە دژە پاڵەوان دەدات.

ئەگەر پاڵەوان لەبارەی خۆی زانیاری بە دژە پاڵەوان بدات، هێماکەی $\zeta^2$.

ئەگەر پاڵەوان لەبارەی شتێک یان کەسێک زانیاری بە دژە پاڵەوان بدات، هێماکەی $\zeta^3$ (پراپ، ١٣٦٨، ٥٥، ٥٦).

پاڵەوان ئەو زانیارییەی دژەپاڵەوان دەیەوێت پێی دەدات و دەڵێت: "شەرتبی دێوە شەرتم لەگەر بکە، بچینە ئەو سەفەرە و دێینەوە گەیشتینە ئێرە ئەمن ببە، با برایەکانم مشەوەش نەبن، دەچینە ئەو سەفەرە و دێینەوە چەندمان پێ چوو، هەر گەیشتینە قۆناغی توو ئەمن بڕفێنە چل کەزیت لە بۆ دەینم" (٤٦). ئەوەی لای دێوەکە گرنگە بەدەستهێنانی چل کەزییە، لێرەدا پاڵەوان بە دوو شێوە زانیاری بە دژەپاڵەوان دەدات؛

شێوەی یەکەم، بەبێ ئەوەی دژە پاڵەوان پرسیاری لێ بکات، پاڵەوان زانیایی خۆی و براکانی پێدەدات، ئەمە پێی دەگوترێت شێوەی پێچەوانە، بێ ئەوەی دژە پاڵەوان شتێک بپرسێت زانیارییەکی دەستدەکەوێت، ئەم زانیارییەی لە بارەی خۆی بە دژەپاڵەوان گوتووە $\zeta^2$. شێوەی دووەم پاڵەوان هەواڵیهێنانی چل کەزی پێدەدات، کە بۆی دەهێنێت، شێوەی هەواڵدانەکەش، پاڵەوان هەواڵدەدات لەبارەی کەسێکی دیکە $\zeta^3$.




هەریەک لەو پێنج ئەرکەی لە بەشی پێشەوە دەرکەوتوون پێیان دەوترێت ئەرکی سەرەتای حیکایەت، هەندێک کات بە ئەرکی ناسەرەکیش ناویان دەبرێت، چونکە ناتوانرێت بە پێی ئەو ئەرکانە کەسایەتیی نێو حیکایەت بناسێنرێت.

٣-٢-٦- دژەپاڵەوان زیان بە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە دەگەیەنێت.

(پێناسە: شەڕ، خراپە، هێما: A)

ئەرکەدا جوولەی ڕاستەقینەی حیکایەت دەستپێدەکات، دیارنەمان، ژێرپێ خستنی ڕێگری، سەرکەوتنی کردەوەیەکی فریوکارانە، هەموویان پێکەوە ڕێگەخۆشکەرن بۆ دروستبوونی ئەم ئەرکە و هەڵی

ڕوودانی دروست دەکەن، واتە زەمینەی ڕوودانی ئاسان دەکەن، گرێی حیکایەت لە کردەوەیەکی خراپەکارییەوە دەستپێدەکات.

خراپەکاری خۆی لە چەند شێوازێک دەبینێتەوە:

١- دژەپاڵەوان کەسێک دەڕفێنێت A1. ٢- دژەپاڵەوان کەرستەیەکی جادوویی بەدەستدێنێت یان دەیدزێت A2. ٣- تۆ و یان بەرهەمێک تاڵان دەکات یان لەناوی دەبات A3. لەم خاڵەدا مەرج نییە ئەوەی زیان بە بەرهەمەکان دەگەیەنێت تەنیا مرۆڤ بێت، بەڵکوو دەکرێت گیانەوەریش بێت. ٤- دژە پاڵەوان ڕۆشنایی یان ڕووناکیی خۆر دەدزێت A4. ٥ دژە پاڵەوان شێوەکانی تری دزی تاقی دەکاتەوە A5. پرۆپ هەموو جۆرەکانی دزی بە خراپە و شەڕ دەزانێت، بۆ کارئاسانی هەموویانی لە ژێر یەک شێوەدا کۆکردۆتەوە. ٦- دژەپاڵەوان زیانی جەستەیی دەگەیەنێتA6. ٧- دژەپاڵەوان دەبێتە هۆی دیارنەمانی لەناکاوی کەسێک A. ٨- دژەپاڵەوان بانگی قوربانییەکەی دەکات و فریوی دەدات و بە تەڵەیەوە دەکات A8. زۆربەی کات ئەم شێوەیە لێکەوتەی ڕێککەوتن و پەیمانێکی فریوکارانەیە. ٩- دژەپاڵەوان کەسێک دەردەکاتA9. ١٠- دژەپاڵەوان فەرمان دەکات کەسێک بخەنە دەریاوەA10. ١١- دژەپاڵەوان جادوو لە کەسێک یان شتێک دەکات A[11]. لەم ئەرکەدا دژەپاڵەوان زۆربەی کات چەند خراپەیەک بەیەکەوە ئەنجامدەدات، هەندێک لە شێوەکان زۆر بە کەمی بە تەنیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕوودەدەن، بەڵکو لەگەڵ شێوەکانی تر بەیەکەوە دێن. ١٢- دژە پاڵەوان کەسێک دەخاتە شوێنی کەسێکی ترەوە A[12]. ١٣- دژەپاڵەوان فەرمانی کوشتن دەردەکات A[13]. ١٤- دژەپاڵەوان خۆی کەسێک دەکوژێتA[14]. ١٥- دژەپاڵەوان کەسێک زیندانی دەکاتA[15]. ١٦- بەزۆر داوای هاوسەرگیری دەکات- دژەپاڵەوان بە زۆر دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکاتA[16]. ١٧- هەڕەشەی مرۆڤخۆری دەکاتA[17]. ١٨- دژە پاڵەوان

شەوانە قوربانییەکەی ئازار دەدات A18. ١٩- دژە پاڵەوان شەڕ ڕادەگەیەنێت A 19 (پراپ، ١٣٦٨، ٦١-٦٤).

دژەپاڵەوان (دێو) زیان بە پاڵەوان دەگەیەنێت "گوتیان: ئەمە دەڕۆینەوە بابیشمان لەوێ تەنگاو بووە، گۆتی: بوونە هەشتا سوار، هەر کەسە لەگە ژنێ خۆی پێکەوە دەڕۆین. کاتەکیان زانی لە کەرخی دێوەی، ژنی ئەحمەدی یەک بە دەنگی زیڕاندی، گۆتی دەبینن ئەحمەد لە سەر وراغەکەی نەمایە" (٤٧) دەکرێت بڵێین ڕووداوەکانی پێشتر بوونەتە هۆی ئەوەی ئەم خراپەیە ڕوویدات، بە تایبەتی ئەرکی قەدەغەشکێنی، چونکە ئەگەر پابەند بوونایە بەو ڕێگرییەی لێیانکراوە، دژەپاڵەوان نەدەبووە هۆی دیارنەمانی لەناکاوی پاڵەوان A6. ئەم دیارنەمانەش لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی فریوکارانەیە کە پێشتر پاڵەوان لەگەڵ دژەپاڵەوان کردوویەتی.

٣-٢-٧- ڕاگەیاندنی بەدبەختی یان کێماسی، داوا لە پاڵەوان دەکەن یان فەرمانی پێ دەکەن لەم بارەیەوە کارێک ئەنجامبدات، یان بۆ ئەرکێکی دەینێرن.

(پێناسە: ساتی پێکەوەبەستنەوە، هێما: B)

لە حیکایەت کێشە دروستدەبێت، پاڵەوان ڕادەسپێرن ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و ڕاستی بکاتەوە، ئایا لێرەدا ڕۆڵی پاڵەوان دەستپێدەکات و پاڵەوان دێتە نێو حیکایەتەوە، ئێمە لە نێو حیکایەتدا دوو جۆر پاڵەوانمان هەیە، یەکەمیان: ئەگەر کچێکی گەنج بدزرێت، کەسێک بەدوایدا بەگەڕێت بۆ ئازادکردنی، قارەمانی حیکایەتەکە ئەو کەسەیە کە بەدوای کچەکەدا دەگەڕێت، نەک کچە دزراوەکە، ئەم جۆرە پاڵەوانە پێی دەوترێت: پاڵەوانی گەڕانکار (دۆزەرەوە).

دووەم: ئەگەر کەسێک بدزرێت و لە ماڵ دووربخرێتەوە، لە گێڕانەوەی حیکایەت کەسایەتییەکانی دیکەی نێو حیکایەت لە بەرچاونەگرێت، بەدوای کەسایەتیی دزراوەکەدا بڕوات، پاڵەوانی حیکایەت هەر ئەم کەسەیە کە دزراوە. ئەم جۆرە پاڵەوانە پێی دەڵێن: پاڵەوانی قوربانی.

ئەم ئەرکەش چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت:

١- داوای یارمەتی لە پاڵەوانی حیکایەت دەکرێت و پاڵەوانیش بەدەم داواکارییەکەیانەوە دەچێت B1.

٢- پاڵەوان ڕاستەوخۆ بەدوای چارەسەری کێشەکانەوە دەچێت B2 . بەبێ ئەوەی داوای لێ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە دروستبووە.

٣- ڕێگە بە پاڵەوانی حیکایەت دەدرێت لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە B3.

٤- باسی دەرد و نەهامەتی دەکرێت B4. دایک بۆ کوڕەکەی دەگێڕێتەوە، چۆن بەرلەوەی لە دایک ببێت کچەکەیان لێی دزیوە، بێ ئەوەی داوا لە کوڕەکەی بکات، کوڕەکەی بەدوای خوشکەکەیدا دەڕوات. ٥-پاڵەوانی دەرکراو لەماڵەوە بەرەو شوێنێکی دیکە دەبرێت B[5]. ٦- پاڵەوانی حیکایەت کە فەرمانی کوژرانی بۆ دەرچووە، بە نهێنی ڕزگار دەکرێت B[6]. ٧- گۆرانییەک وەکو گلەییکردن دەگوترێت B[7].




چوار خاڵی یەکەم پەیوەندی بە پاڵەوانی دۆزەرەوە هەیە، سێ خاڵی کۆتایی پەیوەندی بە پاڵەوانی قوربانییەوە هەیە.

لەم ئەرکە دژەپاڵەوان هەرچەندە خراپەی بەرانبەری کردووە، بەڵام لێی دەپرسێت "ها ئەحمەد لە سەر ئەوەی خۆت مای؟" (٤٨) واتە ئەحمەد هەر لەسەر بەڵێنی خۆت ماوی چل کەزیم لۆ دەهێنیت، واتە دژە پاڵەوان داوای یارمەتی لە ئەحمەد دەکات چل کەزی لۆ بێنێت B1.

٣-٢-٨- پاڵەوانی دۆزەرەوە داواکارییەکە پەسەنددەکات و بڕیار دەدات کارێک ئەنجامبدات.

(پێناسە: بڕیاردانی پاڵەوانی حیکایەت، هێما: C). (بروب، ١٩٩٦، ٥٥).

پاڵەوان بڕیاردەدات هاوکاریی دوژمنەکەی بکات، ئەو داواکارییەی هەیەتی بۆی چارەسەر بکات، بەڵام پاڵەوان بە ناچاری بڕیاری هاوکاریکردنی دەدات "ئەدی کافر لە بەر دەستی توو کێوە بچم" ( ٤٨) واتە ڕاستەوخۆ ناڵێت بەڵی ئامادەم هاوکاریت بکەم، بەڵکو دەڵێت لەبەر دەستت بۆ کوێ بچم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ ڕێگەیەکی ترم نییە، جگە لە هاوکاریکردنت، کە خۆی لە خۆیدا بڕیاری هاوکاریکردنە.

٣-٢-٩ – پاڵەوانی حیکایەت لە ماڵەکەی خۆی دەڕوات.

(پێناسە: ڕۆیشتن، هێما: ↑ )

لەم قۆناغەدا پاڵەوانی حیکایەت لەسەر ڕێگای خۆی کەسایەتییەکی نوێ دەبینێت، کە ناوی (بەخشندە یان ئامادەکەر)ە، کەرەستەیەکی لێ وەردەگرێ (زۆربەی کات کەرەستەکە جادووییە) کە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی بەسەر خراپەدا (پراپ، ١٣٦٨، ٦٧)

پاڵەوان بڕیاردەدات بە هێنانی چل کەزی بۆ دێوەکە، دوای ئەوە کاتی ڕۆیشتن دێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی "بەس هەستە بچینە ئاقاری چل کەزیم پێ نیشاندە. گۆتی وەڵلا چوو"(٤٨) دوای ڕۆیشتن پاڵەوان لە ڕێگادا کەسایەتیی نوێ دەبینێت، کەسایەتیی یاریدەدەر، بڕیاری یارمەتیدانی دەدەن، پاشان بە کەسایەتیی بەخشەر دەگات کەرەستەیەکی جادوویی لێ وەردەگرێت.

٣-٢-١٠- پاڵەوانی حیکایەت دەخرێتە ژێر تاقیکردنەوە یان پرسیارێکی لێدەکرێت، یاخود هێرشێکی دەکرێتە سەر، ئامانجی ئەم کارانە ئامادەکردنی پاڵەوانە بۆ وەرگرتنی کەرەستەیەکی جادوویی.

(پێناسە: یەکەمین کاری بەخشین، هێما: D)

کەسێک پرسیار لە پاڵەوان دەکات، ئەگەر پرسیارەکەی بە دروستی وەڵامدایەوە، کەرستەیەکی جادوویی پێدەبەخشرێت، یاخود تاقیکردنەوەیەکی پێدەکەن ئەگەر سەرکەوتوو بوو، خەڵاتەکەی کەرەستەیەکی جادووییە، یان هێرشێکی دەکرێتە سەر، هەموو ئەمانە لەپێناو ئەوەیە پاڵەوان ئامادەبکرێت، بۆ ئەوەی کەرەستەیەکی جادوویی پێ ببەخشرێت و لە ڕووداوەکانی داهاتوو سوودی لێ وەرگرێت. ئەم ئەرکە چەند شێوازێک لەخۆدەگرێت ئەوانیش:

١- بەخشەر پاڵەوانی حیکایەت تاقیدەکاتەوە $D^1$. ٢- بەخشەر سڵاو لە پاڵەوانی حیکایەت دەکات و پرسیارێکی لێدەکات $D^2$. سڵاوکردنەکە بەشێکە لە تاقیکردنەوە. وەڵامی سڵاوەکە و پرسیارەکە بەندە بە ڕادەی ڕێزەوە، ئەگەر وەڵامەکە ڕێزی تێدانەبوو، ئەوا بێ بەش دەبێت لە بەدەستهێنانی کەرەستە جادووییەکە. ٣- کەسێک لە سەرەمەرگدا داوا لە پاڵەوانی حیکایەت دەکات کاتێک مرد کارێکی بۆ ئەنجامبدات $D^3$. لە بەرانبەردا دەگات بە کەرەستەیەکی جادوویی. ٤- دیلێک داوا لە پاڵەوانی حیکایەت دەکات ئازادی بکات $D^4$. ئەم خاڵە بە دوو شێوەیە، یان کەسەکە بەدیلگیراوە داوا لە پاڵەوان دەکات ئازادی بکات، یان پاڵەوان کەسێک بەدیلدەگرێت، کەسەکە داوا لە پاڵەوان دەکات ئەگەر ئازادی بکات، لە بەرانبەر ئەو کارەی کەرەستەیەکی جادوویی پێدەخشێت. ٥- داوا لە پاڵەوانی حیکایەت دەکات کە نەیانکوژێت $D^5$. دەکرێت ئەم خاڵە پەیوەندی بە خاڵی چوارەمەوە هەبێت، لە بەرانبەر ئازادکردنی کەسێک، پاڵەوان کەرەستەکە وەربگرێت. ٦- چەند کەسێک کێشە لە نێوانیان هەیە، داوا لە پاڵەوان دەکەن، دادوەری لە نێوانیاندا بکات$D^6$. ٧ هەر داواکارییەکی تر کە هەیە $D^7$. ٨- بوونەوەرێکی خراپەکار هەوڵی لەناوبردنی پاڵەوانی حیکایەت دەدات $D^8$. ٩- بوونەوەرێکی خراپەکار لەگەڵ پاڵەوان دەجەنگێت $D^9$. ١٠- کەرەستە جادووییەکە بە ئاڵوگۆڕی دەدرێت بە پاڵەوان $D^{10}$. (پراپ، ١٣٩٦، ٦٨-٧١).

ئەم ئەرکە چەند شێوازێک لەخۆدەگرێت، سەرکەوتنی پاڵەوان لە هەر یەکێکیان ئەنجامەکەی بەدەستهێنانی کەرستەیەکی جادووییە، وەک لەم حیکایەتەدا هاتووە: "گۆتی هاتن لە بن شاری گەیشتنە سوارەکی نیقاب پۆش، گوتی: ها ئەحمەد ماندی نەبی.. بەس ئەوە لۆ چ دەچی، دەچییە کێندەرێ" (٥٠). لێرەدا سوارە نیقابپۆشەکە سڵاو لە پاڵەوان دەکات و پاشان چەند پرسیارێکی لێدەکات، شێوەی تاقیکردنەوەکەش بریتییە لەوەی بەخشەر سڵاو لە پاڵەوانی حیکایەت دەکات و پرسیارێکی لێدەکات

$D^2$. دەبێت ئەوە بزانین هیچ بەخشەرێک بەر لە بەخشینی کەرەستەی جادوویی ناهێت بە پاڵەوان بڵێت خۆت ئامادە بکە ئەمە تاقیکردنەوەیەکە و سەرکەوتنت بەندە بە شێوازی وەڵامدانەوەکەت، بەڵکو پاڵەوان وەک هەر کەسێکی تری ئاسایی لە ڕێگادا بەخشەر دەبینێت و ئەو سڵاو و پرسیارەی لەگەڵ دروستدەبێت کە دەبنە هۆی بەدەستهێنانی کەرەستە جادووییەکە.

٣-٢-١١- پاڵەوانی حیکایەت لە بەرانبەر کاری بەخشینەکە کاردانەوەی دەبێت.

(پێناسە: کاردانەوەی پاڵەوانی حیکایەت، هێما: E)

شێوەکانی ئەم ئەرکە:

١- تاقیکردنەوەکە پەسەنددەکات، یان ڕەتیدەکاتەوە $E^1$. ٢- پاڵەوان وەڵامی سڵاوەکە دەداتەوە یان نایداتەوە$E^2$. ٣- داواکاریی ئەو کەسەی لە سەرەمەرگدایە پەسەنددەکات یان پەسەندی ناکات $E^3$. ٤- زیندانییەکە ئازاددەکات$E^4$. ٥- لێی خۆشدەبێت و نایکوژێت$E^5$. ٦- دادوەری لە نێوان لایەنە ناکۆکەکان دەکات، ئەو شتەی لەسەری ناکۆکن، لە نێوانیاندا دابەشدەکات$E^6$. زۆرجار ئەو دادوەرییەی وەکو فێڵ وایە، کاتێک دادوەری دەکات فێڵ لە هەردوو لایەنەکە دەکات، هەردوو لەیەنەکە فریودەدات، پێشبڕکێیەک ڕێکدەخات و تیرێک بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدەدات، هەردوو لا بەدوای تیرەکە دەنێرێت، کامەی دۆزییەوە براوە دەبێت، بەڵام کەسیان نایدۆزێتەوە، بەم جۆرە دەست بەسەر شتەکە دادەگرێت. ٧- هەر داواکارییەک لە داواکارییەکانی دیکە پەسەنددەکات $E^7$. ٨- پاڵەوانی حیکایەت شێوازی بوونەوەرە خراپەکە دژی خۆی بەکاردەهێنێت و لە هەوڵی کوشتن ڕزگاری دەبێت$E^8$. ٩- پاڵەوانی حیکایەت بەسەر بوونەوەرە خراپکارەکە سەردەکەوێت یان سەرناکەوێت

E9.١٠- ئاڵوگۆڕکردنەکە پەسەنددەکات، ڕاستەوخۆ ئەو کەرەستە جادووییەی کە بەدەستی دەهێنێت، لە دژی کەسی گۆڕرەوەکە بەکاردەهێنێتE10. (پراپ، ١٣٦٨، ٧١، ٧٢).

لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەکە بریتییە لە سڵاوکردن و پرسیارکردن، کاردانەوەی پاڵەوانیش بەهەمان شێوە بەرانبەر جۆری تاقیکردنەوەکە دەبێت "خوا عافوت کا یاخوا.. لۆ چل کەزی دەچم، ئەوجا شەرتی بابی چل کەزی بەتوو دەکریَ؟ گۆتی: ئەوجە وەڵڵاهی شەرتەکەی چبی دەکەم، یان دەم کوژی" (٥٠) لێرەدا پاڵەوان وەڵامی سڵاوەکە دەداتەوە یان نایداتەوەE2. بەڵام بەدەستهێنانی کەرەستەی جادوویی بەندە بە جۆری وەڵامدانەوەی سڵاو و پرسیارەکان، تا چەندە بە دروستی و بەڕێزەوە وەڵامدەداتەوە. بەڵام پاڵەوان وەڵامی سڵاوەکە دەداتەوە E2.

٣-٢-١٢- پاڵەوانی حیکایەت کەرەستە جادووییەکە بەدەستدەهێنێت.

(پێناسە: بەدەستهێنانی کەرەستەی جادوویی، هێما: F)

شێوەکانی ئەم ئەرکە:

١- ڕاستەوخۆ کەرەستەکە بەدەستدەهێنێت F1. ٢- ڕێگەی بەدەستهێنانی کەرەستە جادووییەکەی پێ نیشان دەدرێت F2. واتە پاڵەوان کەرەستەکەی پێ نادرێت، بەڵکو ڕێگەی بەدەستهێنانی کەرەستەکەی پێ نیشان دەدرێت. ٣- کەرەستە جادووییەکە دروستدەکرێت F3.

٤- کەرەستەی جادوویی دەفرۆشرێت پاڵەوانیش دەیکرێت F4. ٥- کەرەستە جادووییەکە بە ڕێکەوت دەکەوێتە دەست پاڵەوان F5. ٦-

کەرەستەی جادوویی لەناکاو خۆبەخۆ خۆی نیشاندەدات F6. (شت، گژوگیا، گیانەواران، مرۆڤی کوتەبالا). ٧- کەرەستە جادووییەکە دەخورێت یان دەخورێتەوە F7. لە ئەنجامی خواردنێک یان خواردنەوەیەک توانایەکی لەڕادەبەدەر بەدەستدەهێنێت. ٨- پاڵەوان کەرەستە جادووییەکە دەدزێت F8. ٩- کۆمەڵە کەسێک خۆیان دێن و پێشنیازی خزمەتکردنی پاڵەوانی حیکایەت دەکەن F9. لێرەدا دەکرێت ئەوانە ئاژەڵیش بن نەک تەنیا مرۆڤ. (پراپ، ١٣٦٨، ٧٥)

ئەم سێ ئەرکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکەوە هەیە، سڵاوکرا و پرسیاریشی لەگەڵ کرا، پاڵەوان بەڕێزەوە وەڵامی سڵاو و پرسیارەکانی دایەوە، بۆیە کەسە نیقابپۆشەکە وتی "ها ئەو ئەنگوستیلەیەت دەمێ، شیرەکەت هاوێشتە سەر سەرت ئەنگوستیلەکەی باوێ ناوێ، برۆ هەتا دێیتە خوارێ وەکی بەردی لێدێ، ئەو داوە پرچەشت دوو جار لێت دا.. ئی سێیەی برێ لە نیازی چل کەزی، دەبنە چار کوزی، ڕاست وەکی شفتی، ئەوەش تێ ئارێنە بەردەکە دەشکێ" (٥١) سڵاوکرا و پرسیاریشی لەگەڵ کرا، پاڵەوان بەڕێزەوە وەڵامی سڵاو و پرسیارەکانی دایەوە، بۆیە کەسە نیقاب پۆشەکە ڕاستەوخۆ کەرەستەکە دەدات بە پاڵەوان F[1].

سڵاوکردن ← وەڵامدانەوە ← بەدەستهێنانی کەرەستەی جادوویی

D E F نیقابپۆش سڵاودەکات و پرسیار لە پاڵەوان دەکات، لە بارەی سەفەرەکەی و مەرجەکانی پاشا بۆ بەدەست هێنانی چل کەزی، ئەویش بەڕێزەوە وەڵامی سڵاوەکەی دەداتەوە و بە پرسیارەکانیش دروست وەڵامدەداتەوە، بۆیە نیقابپۆشەکە ڕاستەوخۆ کەرەستە جادووییەکەی پێ

دەبەخشێت. وەکو لەو وێنەیە دەردەکەوێت چەندین پەیوەندی لە نێوان بەخشینی کەرەستەی جادوویی و شێوازی بەدەستهێنانی بەدیدەکرێت.




ئێمە ئاماژەمان بە یەک جۆر پەیوەندیدا، دەکرێت چەندین جۆر پەیەندی دروستبکرێن لە نێوان بەخشەر شێوازی بەدەستهێنان، هەمان نموونەی سڵاوکردنەکە وەرگرین، دەکرێت ڕاستەوخۆ کەرەستەکەی پێبدات، دەگونجێت ڕێگەی بەدەستهێنانی پێنیشان بدابایە، دەکرا بۆی دروست بکردایە، یان پێی بفرۆشتبایە. جا بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک چەندین جۆر پەیوەندی لەم جۆرە بوونی هەیە.

٣-٢-١٣ – پاڵەوان و دژە پاڵەوان ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە.

(پێناسە: ڕووبەڕووبوونەوە، هێما: H)

ئەم ئەرکەش چەند شێوەیەک لەخۆدەگرێت:

١- پاڵەوان و دژەپاڵەوان لەگەڵ یەکدا دەجەنگن $H^1$. ٢- پاڵەوان و دژە پاڵەوان لەگەڵ یەکتر پێشبڕکێ دەکەن $H^2$. ٣- پاڵەوان و دژەپاڵەوان لەگەڵ یەکتر قوماردەکەن$H^3$. ٤- هەندێ جۆری دیکەی شازی ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، دژەپاڵەوان بە پاڵەوان دەڵێت وەرە با خۆمان بپێوین، کامەمان کێشمان زیاتر بوو ئەوەمان براوەین $H^4$. (پراپ، ١٣٦٨، ٨٦).

لێرەدا پاڵەوان و پادشا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، پادشا چەند پێشبڕکێیەک دادەنێت، لە ئەنجامی سەرکەوتنی پاڵەوان چل کەزی بەدەست دێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لەم پێشبڕکێیە شکستی خوارد، ئەوا ئەنجامەکەی بە سەر بڕینی پاڵەوان کۆتایی دێت، ئەو پێشبڕکێیانەی پادشا دایناون "ئەو جامە شیرەی ببە سە ئەو دارەی" یەکەم پێشبڕکێ بردنی جامە شیرێکە بۆ سەر دارێکی بەرز بە بێ ئەوەی دڵۆپێکی لێ بڕژێت. دووەم "ها بەو کوتکەی ئەو بەردە بشکێنە"، سێیەم "گووتی چل مەنجەر ترش کرایە، چل پراو ساواریش مەنجەری دەسک بە زنجیر وەرن بخۆن" ( ٥٠-٥٢) شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە بریتییە لە پێشبڕکێ، واتە پاڵەوان و دژەپاڵەوان لەگەڵ یەکتر پێشبڕکێ دەکەن$H^2$. بەبێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک بەریەککەوتن لە نێوانیان ڕوودبات. لێرەدا چەندین شێوە لە پێشبڕکی دەخەنە بەردەم پاڵەوان بۆ ئەوەی ئەنجامیان بدات.

٣-٢-١٤– دژە پاڵەوان شکستدەخوات.

(پێناسە: سەرکەوتن، هێما: I)

شێوەکانی شکستخواردنی دژەپاڵەوان:

١- دژەپاڵەوان لە شەڕدا شکستدەخوات$I^1$. ٢- دژەپاڵەوان لە کێبڕکێکەدا شکستدەخوات$I^2$ .

٣- دژەپاڵەوان لە قومارکردندا شکستدەخوات$I^3$. ٤- دژەپاڵەوان لە کێبڕکێی خۆپێوانەکردن شکستدەخوات$I^4$. ٥- بەبێ ئەوەی هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان پاڵەوان و دژەپاڵەوان ڕوودبات، دژەپاڵەوان دەکوژرێت$I^5$ . ٦- دژەپاڵەوان دەردەکرێت $I^6$. (V. Propp ٢٠٠٩، ٥٣) پاڵەوان لە هەر پێشبڕکێیەک یان لە ڕێگەی کەرەستەی جادوویی، یان لە ڕێگەی ئەو کەسانەی یارمەتیدەری بوون سەرکەوتن بەدەستدێنێت. یەکەم: "ئەحمەد چووە سەر دارەکە، ئەنگوستیلەی هاوێشتێ و شیر نەبزوفت، وکی بەرد بەسەری وە نووسا.. هاتە خوارێ، ئەوە یەکیان بردەوە"، دووەم: "ئەحمەد هەمووی پێ هاسان بوو، دێوەکان دەیان خوار، گۆتی خۆشبەزە چەنگەکی لە شیوەکەیدا، بە پڕە پڕ بڕەکی لێ ستاندەوە، گۆتی ئەویان لێ ستاندەوە، گۆتی ئەویان خەلاس کرد"، سێیەم: "گووتی دوو جار لێیدا ئی سێیەی پرچەکەیتێ ئاراند گوتی: بە نیازی چل کەزی، لە ناوندێڕا بووە چار کووز" (٥٢،٥١) کەواتە پاڵەوان لە ڕێگەی کەرەستە جادووییەکان و کەسانی یاریدەدەری دەتوانێت سەرکەوتن بەسەر بەرانبەرەکەی بەدەستبێنێت. واتە دژەپاڵەوان لە کێبڕکێکەدا شکستدەخوات$I^2$.

٣-٢-١٥– خراپە یان کەموکوڕییەکە چارەسەر دەکرێت.

(پێناسە: چارەسەرکردنی خراپە، هێما K)

لەم قۆناغەدا حیکایەت دەگاتە لوتکەی خۆی. ئەم ئەرکە چەندین شێوە لەخۆیدەگرێت.

١- شت یان کەسی داواکراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ یان لە ڕێگەی فێڵێکەوە دەدزرێت K[1]. ٢- پاڵەوانی حیکایەت شت یان کەسی داواکراو لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکی یەک لە دوای یەکی خێرای چەند کەسێک دەگەڕێندرێتەوە K[2]. ٣- پاڵەوانی حیکایەت کەس یان شتە داواکراوەکە لە ڕێگەی نێچیر بۆ دانانەوە دەگەڕێنێتەوە K[3]. ٤- وەرگرتنەوەی شت یان کەسە داواکراوەکە، وەکو لێکەوتەی ڕاستەوخۆی هەنگاوەکەی پێشووتر بەدیار دەکەوێت K[4]. ٥- پاڵەوانی حیکایەت شت یان کەسە داواکراوەکە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەی جادوویی خۆبەخۆ دەگەڕێندرێتەوە K[5]. ٦- بەهۆی کەرەستەی جادوویی کۆتایی بە هەژاری دەهێنرێت K[6]. کە بۆتە بەڵا بەسەر وڵات. ٧- پاڵەوانی حیکایەت شت یان کەسە خوازراوەکە دەگرێت K[7]. ٨- جادووەکە پووچەڵ دەکرێتەوە و جادوولێکراویش ئازاددەکرێت K[8]. ٩- مردووەکە زیندوو دەکرێتەوە K[9]. ١٠- زیندانییەکە ئازاددەبێت K[10]. ١١- هەندێک کات کەس یان شتە داواکراوەکە بە یەکێک لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی کەرەستەی جادوویی بەدەستدێت K[10].(پراپ، ١٣٩٦، ١٢٦-١٢٩).

دوای سەرکەوتنی پاڵەوان چل کەزی لەگەڵ خۆیان دەهێنن و وردە وردە هەریەکە لەوانەی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵیان بوون، لێیان جیادەبنەوە، لە کۆتاییدا دێوێ سپی چل کەزی دەبات "گووتی گەیشتنە ئەوێ دێوە پەنجەی گجکەی کیژەکەی مژی هەتا هێوارێ خینی لە قەلبی هیشک کرد، کیژە ڕاست کەت، گوتی ئەحمەد چوو دارەکی تاشی، جلکی چل کەزی لەبەر کرد، بمژە هەتا هێواری.. گووتی بزانی لە چ کانیەکی ئاو دەخواتەوە، خۆی لەوێ شاردەوە، تیرو کەوانی عازرکرد.. یەک تیر و کەوانی لە تەختی نێو چەونی دا، دێوە لەوێ تۆپی" (٥٢، ٥٣) کاتێک دێوی سپی چل کەزی دەبات، پاڵەوان لە ڕێگەی فێڵێکەوە دەیدزێتەوە و دەیگەڕێنێتەوە، ئەم خراپە و کەموکوڕییەی دروستبووە چارەسەری

دەکات و لای دەبات، لە کۆتاییدا دێوەکە دەکوژێت. واتە کەسی داواکراو لە ڕێگەی بەکارهێنانی  فێڵێکەوە دەدزرێت K1.

٣-٢-١٦- پاڵەوانی حیکایەت دەگەڕێتەوە.

(پێناسە: گەڕانەوە، هێما: ↓)

لێرەدا پاڵەوانی سەرەکیی حیکایەت دەگەڕێتەوە، بۆ لای خانەوادەکەی و زێدەکەی، ئەمەش دوای جێبەجێکردنی ئەو داواکارییەی لێیکرابوو، یاخود بەجێگەیاندنی ئەو یارمەتییەی کە داوای لێ کرابوو. (پراپ، ١٣٦٨، ٧٨)

دوای جێبەجێکردنی ئەو داوایەی لێیکراوە، پاشانیش چارەسەرکردنی کێشەکە ئیتر کاتی گەڕانەوە دەستپێدەکات "دەبینن دێوە تۆپییە هەندی گردەکیە، چەندی مار و چشتی دێوە هەبوو، چەندی زێڕی پێیان هەرگیرا، دو هەسپی بەحری سواربوون و ڕاست هەتنەوە" (٥٤) لێرەدا پاڵەوانی سەرەکیی حیکایەت، بۆ لای خانەوادەکەی و زێدەکەی دەگەڕێتەوە، ئەمەش دوای چارەسەری ئەو کێشەیەی دروستبووە، یاخود بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکەی کە هاتۆتە پێشی و داوای لێکرابوو.

٣-٢-١٧- پاڵەوانی حیکایەت بە شێوەی نەناسێک دەچێتە ماڵەکەی یاخود دەچێتە ناوچەیەکی تر.

(پێناسە: ڕۆیشتن لە شێوەی نەناسێکدا، هێما: o)

ڕۆیشتنی پاڵەوان بە شێوەی نەناسێک بە دوو شێوە دەبێت:

١- پاڵەوانی حیکایەت بۆ شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، لەوێ دەچێتە لای خاوەن کارێک (زێڕنگر، بەرگدوورێک، پینەدۆزێک) ماوەیەک لە لایان دەمێنێتەوە و لایان دەبێتە شاگردo1.

٢- یان دەچێتە لای پاشایەک و لەوێ دەبێتە چێشتلێنەر یان وەکو مەیتەر کار دەکاتo2. (پراپ، ١٣٩٦، ١٣٥). چ ئەوەی پاڵەوان شازادە بێت، بیەوێت بگەڕێتەوە کۆشک ماوەیەک بەو دوو کارەی لە شێوەی دووەم ئاماژەمان پێدا سەر قاڵ دەبێت، تا دەناسرێتەوە و دەگەڕێتەوە کۆشک. یان ئەوەتا ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی ماڵەوەی دەناسرێتەوە و دەگەڕێتەوە ماڵەکەی.

دوای ئەوەی دەگاتەوە شوێنەکەی خۆیان، ماوەیەکی زۆرە دوورکەوتۆتەوە خەڵک نایناسنەوە "هاتن دەبینن لە گوندی شاییەکە، دۆر و زوڕنایەکە نە سەری دیارە نە بنی، لە شوانەکی پرسی: ئەرێ ئەوە چییە؟ گۆتی ئەوە ژنێ ئەحمەدی ڕەحمەتییە دەی دەنە ئامۆزای خۆی، ئەوە حەفت سارە دانیشتییە. گۆتی هەڕوو برێ پاشا مزگێنیم دێ ئەحمەد هاتەوە. گووتی: کوڕە ئەتوو ئەحمەدی؟ گۆتی: ئا" ( ٥٤) وەکوو دەبینین بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆرە دوورکەوتۆتەوە، خەڵک نایناسێتەوە بۆیە شوانەکە پێی دەڵی ئەحمەدی ڕەحەمەتی، پاشان لێی دەپرسێ ئەتوو ئەحمەدی؟ بەڵام ئەوە تەنیا لەلای خەڵک نەناسراوە لەلای خێزانەکەی ناسراوە.

٣-٢-١٨- پاڵەوانی حیکایەت دەناسرێتەوە.

(پێناسە: ناسینەوە، هێما: Q)

ئەم ئەرکە یان لە ڕێگەی نیشانەیەک (برین، خاڵێک) یان شتگەلێک کە پاڵەوانی حیکایەت لەمەوپێش وەریگرتووە (ئەنگوستیلە، جلوبەرگێک) دەناسرێتەوە. یان پاڵەوان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەک دەناسرێتەوە، بەو مەرجەی ئەگەر سەرکەوتووبێت، یان ڕاستەوخۆ لە لایەن ئەندامانی خێزان (دایک، باوک، خوشک و برا) دەناسرێتەوە. ( V. propp ، ٢٠٠٩، ٦٢).

کاتێک هەواڵی ئەوە بە پاشا دەگات، گوایە ئەحمەد گەڕایەوە هەروەکو لە حیکایەتەکەدا هاتووە: "گۆتی بووە هەرایەک، ئەو هەرایە لووس هاتە پێش ئەحمەدی، ژنەکی پیَیە چل کەزی، هەندە جوان بوو، نەبخۆی نە تەماشای بکەی، وەڵڵا گۆتی شاییان کردەوە دوو شایی ژنەیان داوە ئەحمەدی، مارەیی لەویدی نەهات بوو" (٥٥). دوای ئەوەی خەڵک دێنە پێشوازی و دەیبینن ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە دەناسرێتەوە، کە ناسرایەوە ڕاستەوخۆ ژنەکەی دەدەنەوە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە ئاماژەکانی ناسینەوە.

٣-٢-١٩- پاڵەوانی حیکایەت هاوسەرگیری دەکات و بە تەختی پاشایەتی دەگات و دەسەڵات بەدەستدێنێت.

(پێناسە: هاوسەرگیری هێما: W)

ئەم ئەرکە بە چەند شێوەک ئەنجام دەدرێت:

١- لە یەک کاتدا هاوسەرگیری دەکات و بە دەستهەڵات دەگات یان سەرەتا دەستەڵاتی نیوەی وڵاتەکەی بەدەست دێنێت، دوای مردنی پاشا دەستهەڵاتی تەواوی وڵات بەدەست دێنێت $W_*^*$.

- هەندێک کات تەنیا هاوسەرگیری دەکات، چونکە خۆی شازادە نییە و کچەکە کچی پاشا نییە، ناگات بە دەستهەڵات*W.

- پاڵەوان لە هەندێک لە حیکایەتەکان تەنیا بەدەسەڵات دەگات، هاوسەرگیری ناکات*W.

- هەندێک کاتیش ماوەیەک پێش هاوسەرگیری خراپەیەکی دیکە ڕوودەدات، حیکایەتەکە بە بەڵێنی هاوسەرگیری یان مارەبڕین کۆتاییپێدێت W1.

٢- حاڵەتی پێچەوانە: دوای هاوسەرگیری پاڵەوان ژنەکەی لێوندەبێت، دوای گەڕان و ماندووبوونێکی زۆر دووبارە دەیگەڕێنێتەوەW2.

٣- هەندێک کات پاڵەوان هاوسەرگیری ناکات بەڵکو خەڵاتێکی ماددی وەردەگرێت و دەوڵەمەنددەبێ W (پراپ، ١٣٩٦، ١٤١).

لەبەرئەوەی پاڵەوان هێشتان باوکی نەمردوو، بۆیە تەنیا هاوسەرگیری دەکات، بە دەسەڵات ناگات ((هەردوو ژنیان داوە ئەحمەدی و چل کەزیشیان مارەکرد و گواستیانەوە)) (٥٥).

ئەرکە دەرکەوتووەکانی حیکایەتی چل کەزی[١] :

| ز. ح | ئەرک | ز. پ | هێما | ز. ح | ئەرک | ز. پ | هێما |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دوورکەوتنەوە | ١ | $\beta - \beta^3$ | ١١ | کاردانەوەی پاڵەوان | ١٣ | $E - E^2$ |
| ٢ | ڕێگری کردن | ٢ | $\gamma - \gamma^1$ | ١٢ | بەدەستهێنانی کەرستەی جادوویی | ١٤ | $F - F^1$ |
| ٣ | بنپێکردنی ڕێگری | ٣ | $\delta$ | ١٣ | ڕووبەڕووبوونەوە | ١٦ | $H - H^2$ |
| ٤ | پرسیارکردن | ٤ | $\varepsilon - \varepsilon^1$ | ١٤ | سەرکەوتن | ١٨ | $I - I^2$ |
| ٥ | هەواڵ دان | ٥ | $\zeta - \zeta^2 - \zeta^3$ | ١٥ | چارەسەری کەموکوڕیی | ١٩ | $K - K^1$ |
| ٦ | شەڕ، خراپە | ٨ | $A - A^6$ | ١٦ | گەڕانەوە | ٢٠ | ↓ |
| ٧ | ساتی پێکەوە بەستنەوە | ٩ | $B - B^1$ | ١٧ | ڕۆیشتن لە شێوەی نەناس | ٢٣ | o |
| ٨ | بڕیاردانی پاڵەوانی | ١٠ | C | ١٨ | ناسینەوە | ٢٧ | Q |
| ٩ | ڕۆیشتن | ١١ | ↑ | ١٩ | هاوسەرگیری | ٣١ | W |
| ١٠ | کاری بەخشین | ١٢ | $D - D^2$ | | | | |

٤- پەیوەندی و بەدوایەکداهاتنی ئەرکەکان:

لێرەدا ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ئەرکەکان دەدەین، ئایا هەر ئەکێک ئازادە لە دەرکەوتن؟ ئایا ئەو ڕیزبەندییەی پرۆپ ئەرکەکانی پێ ڕیزکردووە، دەکرێت تێکبدرێت و ئەرکەکان بە هەڕەمەکی بەدواییەکەوە ڕیزبکرێن؟




ئەگەر سەری وێنەکە بکەین پەیوەند و چۆنیەتیی بەدواییەکداهاتنی هەندێک لەو ئەرکانە نیشاندەدات، کەلە حیکایەتەکەدا دەرکەوتوون بە پێی ڕیزبەندی تیۆری پرۆپ. وەکو دەیبینین هەر ئەرکێک لە کاتێکی دیاریکراو دروستدەبێت. بۆ نموونە تا ئەو کاتەی کێشەیەک دروستنەبێت، ئەرکی ساتی بەیەکەوە بەستنەوە دروستنابێت و پاڵەوان بڕیاری هاوکاریکردن نادات، ئەوکاتەی بڕیاری چارەسەرکردنی کێشەیەک دەدات یاخود ڕایدەسپێرن بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکە بکات، دەڕوا بەدوای چارەسەرکردنی کێشەکان، بەدەم ڕێگاوە کەسایەتییەکی نوێ دەبینێت، ئەویش کەسایەتی بەخشندەیە، پاڵەوان تاقیدەکرێتەوە و کەرەستەی جادوویی بەدەستدێنێت. پاشان ڕووبەڕووبوونەوە دروستدەبێت و پاڵەوان

سەرکەوتن بەدەستدێنێت، ئەوکاتە دەتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. پاڵەوان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەیەک بەرەو سەرزەمینێکی دیکە ڕۆیشتووە، دوای چارەسەرکردنی کێشەکە بەرەو زێدی خۆی دەگەڕێتەوە. ئەمانە ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەرکەکان لە بەدواییەکداهاتنیاندا هەیە. ئەوەی لە حیکایەتەکە جیاوازیی دروستکردووە ئەوەیە هەندێک ئەرک دەرکەوتوون، لە دەرەوەی ڕیزبەندیی تیۆرەکە، ئەرکەکان بەپێی گێڕانەوەی حیکایەتی کوردی ڕیزکراون، لەبەرئەوەی کاری ئێمە تەنیا شیکردنەوەی بونیادی حیکایەتە بە پێی تیۆری پرۆپ، بۆیە ئەمە پێویستی بە ساغکردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی بزانین، ئایا بونیادی حیکایەتی کوردی بەو شێوەیەیە، یاخود بەهۆی ئەوەی حیکایەت دەماودەم هاتووە، بە درەنگەوە تۆمارکراوە، گۆڕانکاری تێکەوتووە، لەگەڵ خۆیدا کردەوەکانیش پاشوپێش کراون.

**٥- بازنەی کردەوەی کەسایەتییەکان:** فلادیمێر پرۆپ بێجگە لە حەوت ئەرکە سەرەتاییەکان، ئەرکەکان بەسەر حەوت بازنە دابەشدەکات:

٥-١- بازنەی کردەوەی دژە پاڵەوان: پێکهاتووە لە: خراپەکاری A، ڕووبەڕووبوونەوە H، شوێنکەوتن Pr.

٥-٢- بازنەی کردەوەی بەخشندە، ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتەوە: گواستنەوەی شت یان کەرەستەی جادوویی، یەکەمین کاری بەخشین D، پێدانی کەرەستەی جادوویی بە پاڵەوان F.

٥-٣- بازنەی کردەوەی یاریدەدەر، پێکدێت لە: گواستنەوەی پاڵەوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە G، چارەسەرکردنی خراپە K، ڕزگاربوون لە چاودێری Rs، ئەنجامدانی کاری سەخت N، شێوە گۆڕینی پاڵەوان T.

٥-٤- بازنەی کردەوەی شازادە خاتوون، ئەم بازنەیە چەند ئەرکێک لەخۆدەگرێت: کاری سەخت M، نیشانکردنی پاڵەوان J، ئاشکرابوون Ex، ناسینەوە Q، سزادانی دژە پاڵەوان U، هاوسەرگیری W، لەم ئەرکەدا ناتوانین شازادە خاتوون و پاشا لە یەکتر جیابکەینەوە، زۆربەی کات پاشایە کارەسەختەکە دەسپێرێتە پاڵەوان و هەر ئەوە پاڵەوانی درۆین سزادەدات.

٥-٥- بازنەی کردەوەی نێرەر، پێکدێت لە: ناردن، ساتی پێکەوەبەستنەوە B.

٥-٦- بازنەی کردەوەی پاڵەوان، پێکدێت لەو ئەرکانەی خوارەوە: ڕۆیشتن و بەدواداگەڕان C↑، کاردانەوە لە بەرانبەر خواستی بەخشندە E، هاوسەرگیری W*، ئەرکی C، نیشانەی پاڵەوانی دۆزەرەیە.

٥-٧- بازنەی کردەوەی پاڵەوانی درۆین، پێکدێت لە: ڕۆیشتن و بەدواداگەڕن C↑، کاردانەوە E، بانگەشەی پاڵەوانی درۆین L، لەخۆدەگرێت.

کەواتە حیکایەت حەوت جۆر کەسایەتی دەچەسپێنێت δ، θ، η، ζ، ε، β، γ لە نێوان کەسایەتییەکان دابەشدەکرێن، بەڵام دابەشکردنەکە یەکسان نییە، بۆیە ناتوانین لەسەر بنەمای ئەم ئەرکانە کەسایەتییەکان پێناسە بکەین، بۆ هەندێک لە ڕووداوەکان کەسایەتیی لاوەکی هەیە، وەکو شکایەتکار، هەواڵهێنەر، تانەلێدەرەکان. هەروەها کەسایەتیی ئاشکراکەری تایبەتمان هەیە وەکو وێنەگر، ئەسکەنە، گسک، کەسایەتگەلێک وەکو یەک چاو و دوو چاو و سێ چاو پەیوەستە بەم جۆرانە (پراپ، ١٣٩٦، ١٦٥، ١٦٦).

لەم حیکایەتەدا ئەرکەکان بە ڕێژەی جیاواز لە ئەرکە سەرەتاییەکان و لە تەواوی بازنەکان ئەرکەکان دەرکەوتوون، واتە ئەرکەکان لە هەموو بازنەکان بە ڕێژەیەکی بەرز دەرکەوتوون.




ئەم وێنەیە

ئەوەمان پێدەڵێت لە کۆی ئەو ئەرکانەی کە پرۆپ لە گشت بازنەکان ئاماژەی پێداون، چەندیان لە حیکایەتی چل کەزی دەرکەوتوون.

**٦- ئەنجام:**

- لە کۆی حەوت جۆر کەسایەتی کە فلادیمێر پرۆپ دەستنشانیکردوون، شەش لەو کەسایەتییانە لە حیکایەتی چل کەزی دەرکەوتوون، تەنها یەک لەو کەسایەتییانە دەرنەکەوتووە، ئەویش پاڵەوانی درۆین (ساختەیە)، کەواتە کەسایەتییەکان بە ڕێژەی لە ٨٥٪ دەرکەوتوون.

- لە کۆی ئەو حەوت ئەرکەی کە بە ئەرکە سەرەتاییەکان ناویان هاتووە، پێنج لەو ئەرکانە لە حیکایەتەکە دەرکەوتوون، بەمەش ڕێژەی دەرکەوتنیان دەگاتە ٧١٪ ی ئەرکە سەرەتاییەکان.

- لە کۆی سی و یەک ئەرک، کە حەوت ئەرکیان سەرەتاییەکانن، بیست و چوار ئەرکی دەمێنێتەوە، لە کۆی بیست و چوار ئەرکەکە ١٤ ئەرکی سەرەکی دەرکەوتوون، واتە ڕێژەی دەرکەوتنیان دەگاتە ٥٨٪ ی ئەرکە سەرەکییەکان. هەروەها بە کۆی گشتی لە کۆی ٣١ ئەرک ١٩ ئەرک دەرکەوتوون، کە دەکاتە ڕێژەی ٦١٪ ی کۆی ئەرکەکان. ئەمەش واتای ئەوەیە ئەرکەکان بە ڕێژەیەکی بەرز دەرکەوتوون. ئەمەش بەو واتایە دێت تیۆری حیکایەتناسیی فلادیمێر پرۆپ گونجاوە تا لە ڕێگەیەوە بونیادی حیکایەتی کوردی شیبکەینەوە.

- فلادیمێر پرۆپ ٢٤ ئەرکی بەسەر حەوت بازنە دابەشکردووە، لەم حیکایەتەدا لە کۆی حەوت بازنەکە ١٣ ئەرک دەرکەوتوون، واتە لە هەر حەوت بازنە ئەرکەکان بە ڕێژەی جیاواز دەرکەوتوون. لە بازنەی یەکەم لە ٣ ئەرک ٢ی دەرکەوتووە، بازنەی دووەم لە ٢ ئەرک ٢ئەرک دەرکەوتوون، لە وێنەی دەرکەوتنی ئەرکەکان لە کۆی بازنەکان ئاماژەمان پێداوە.

- وەکو وتمان لە کۆی ٣١ ئەرک ١٩ ئەرک دەرکەوتوون بە پێی ڕیزبەندی تیۆری پرۆپ، بەڵام لەگەڵ چەند ئەرکێکی دیکە کە لە تیۆرەکەی فلادیمێر پرۆپدا هاتوون بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە حیکایەتەکە دەرکەوتوون، بەپێی گێڕانەوەی حیکایەتی کوردی، نەک بەپێی ڕیزبەندی تیۆرەکە، لە دەرەوەی ڕیزبەندی تیۆرەکەدا هاتوون، هەرچەندە جیاوازی لە ڕیزبەندی دەرکەوتنی ئەرکەکاندا هەیە، بەڵام لێکچوونیان زیاترە. هەموو ئەو لێکچوون و جیاوازییانە دەرخەری ئەوەن حیکایەتی کوردی وەکو حیکایەتی هەر نەتەوەیەکی دیکە دەتوانرێت لە چوارچێوەی بنەما جیهانییەکانی حیکایەت لێکدانەوەی بۆ بکرێت، واتە لە دەرەوەی بنەما جیهانییەکانی حیکایەتدا نییە، بەڵکو ڕێژەیەکی بەرزی ئەو بنەمایانەی تێدا دەرکەوتوون.

**پەراوێزەکان:**

- ز. ح = زنجیرەی بەدواییەکداهاتنی ئەرکەکان لە حیکایەتدا. ز. پ= زنجیرەی بەدوایەکداهاتنی ئەرکەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی تیۆری پرۆپ.

**سەراوەکان:**

**کوردی:**

**کتێب:**


- ئەحمەدی، بابەک (٢٠٠٤) پێکهاتەو ڕاڤەی دەق کتێبی (١) و: مەسعود بابایی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج.

- ئیگلتن، تێری (٢٠١٦) تیۆری ئەدەبی (و. عەتا قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

- جامباز، طارق(١٩٨٩) چل کەزی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوشنبیری و لاوان.

- **گۆڤار:**

- ڕەشید سابیر (٢٠٠٦) نوێخوازی و فۆلکلۆر، گۆڤاری مێرگ، ژمارە ١١.


**فارسی:**

**کتێب:**


- احمدی، بابک (١٣٧٠)، ساختار و تأویل متن ١. نشانه شناسی و ساختارگرایی، چاپ اول، شرکت نشر مرکز.

- اشمیش، توماس (١٣٨٩) درآمدی بر نظریه ادبی جدید و ادبیات کلاسیک، چاپ اول، انتشارات دانیشگاه تبریز.

- پراپ، ولادیمیر (١٣٦٨) ریخت شناسی قصه (ت: کاشیگر، چاپ اول، چاپخانەی میخک.

- پراپ، ولادیمیر (١٣٩٦) ریخت شناسی قصەهای پریان ( ت: فریدون بدرەای، چاپ چهارم، انتشارات توس.

- سرامی، قدمعلی(١٣٦٨)  از رنگ گول تا رنج خار، چاپ اول، انتشارات علمی و فرهنگی.

- هارلند، ریچارد (١٣٩٦) درآمدی تاریخی بر نظریەی ادبی از افلاتون تا بارت (ت: علی معصومی، ناهید سلامی، غلامرضا، شاپور ، چاپ دوم، نشر چشمه.

**مجله فارسی:**

- استاجی، ابراهیم و رمشکی سعید (١٣٩٢) تحلیل ریخت شناسی داستان سیاوش براساس نظریه ولادیمیر پراپ، متن شناسی ادب فارسی، دانیشگاه اصفهان، شماره ٣.

- اشرافی، بتول و تاکی، گیتی و بهنامفر، محمد (١٣٩٣) بررسی خویش کاریها و شخصیت پردازی در داستان حضرت سلیمان (ع) در قرآن کریم بر اساس نظریه پراپ" زبان و ادب فارسی، شماره ٢٣٠.

- ایشانی، طاهره (١٣٨٩) ریخت شناسی قصه خیر و شر بر اساس نظریەی پراپ، فصلنامه تخصصی زبان و ادبیات، شماره ٣.

- پارسا سید احمد و صلواتی لاله (١٣٨٩)  ریخت شناسی حکایت های کلیله و دمنەی نصرالله منشی، مجلەی بوستان ادب دانشگاه شیراز، ژماره ٤.

- پروینی، خلیل و ناظمیان، هومن (۱۳۸۷) الگوی ساختارگرایی ولادیمیر پراپ و کاربردهای آن در روایت شناسی، دو فصلنامه علمی- پژهشی (فصلنامه پژوهش زبان و ادبیات فارسی) شماره ۱۱.

- خراسانی، محبوبه (۱۳۸۳) ریخت شناسی هزار و یک شب، فصلنامه پژوهشهای ادبی، شماره٦.

- روحانی، مسعود و اسفندیار، سبیکه (۱۳۸۹) ریخت شناسی قصه (قلعة ذات الصور) در مثنوی، طبق نظریه ولادیمیر پراپ، نشریه دانیشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز ، شماره ۲۲۰.

- فرضی، حمید رضا و فاریابی، فرناز فخیمی(۱۳۹۱) ریخت شناسی سام نامه خواجوی کرمانیطبق نظریه‌ی ولادیمیر پراپ، مجله علمی- پژوهی زبان و ادبیات فارسی دانشگاه ازاد اسلامی، شماره ٥.

- فرضی، حمید رضا و فاریابی، فرناز (۱۳۹٦) فخیمی ریخت شناسی منظومه گل و نوروز خواجوی کرمانی بر اساسه نظریه فلادیمیر پراپ، مجله فنونه ادبی، شماره ۲.

- عرب نژاد ،زینب و طغیانی، اسحاق (۱۳۹٥) ریخت شناسی داستان های عشقانه شاهنامه، متن شناسی ادب فارسی، دانشکده ادبیات و علومه انسانی، دانشگاه اسفهان، شماره ۳.

- میرعلی، عبدالله حسن زاده و عبدالملکی، رضا قنبری (۱۳۹۱)تحلیل ریخت شناسی روایت اسطوره‌ای (کتیبه)براساس نظریه ولادیمیر پراپ، پژوهش های زبان و ادبیات طتبیقی، شماره۳.

**عربی:**

- بروب، فلاديمير (١٩٩٦)مورفولوجيا القصة، ت. عبدالكريم حسن و سميره بن عمو، طبع الاول، شراع للدراسات و النشر و التوزيع.

- عبدالعالي، الصيد (٢٠١١) الحكاية الشعبية و الحكاية الخرافية في منطقة الخشلة جمع و دراسة وظائفية وفق منهج فلاديمير بروب" (الماجستير، جامعة العربية التتبسي- التبسة.

**ئینگلیزی:**

- Vladimir propp (1968) Morphology of the folktale, Indiana university- t.Laurence Scott, copyright (2009), America

**الملخص البحث**

ترجع بداية التنظير للحكاية إلى فلاديمر بروب، ومبدأ نظريته عبارة عن التأسيس المتتالي الثابت لقراءة الحكايات، وقد توصل بروب جراء دراسته لمئة قصة إلى أن الشخصيات تتنوع أفعالهم، ولكن مع ذلك يوجد تأسيس مشترك بين هذه الحكايات، ويعتقد بروب أن أعمال الشخصيات لا تتجاوز كثيرا، إذ هي ٣١ وظيفة.

وهذا البحث يسعى إلى تحليل تأسيس الحكاية الكردية حسب نظرية فلاديمر بروب، وكذلك إظهار مكانتها في إطار أسس الحكاية العالمية، والنموذج المأخوذ في البحث هو قصة مقتبسة من كتاب (چل كەزی).

**الكلمات المفاتح:** مورفولوجيا، فلاديمير بروب، وظيفة، الشخصيات، الحكايات الكوردية.

**Abstract**

The beginning of theoretic zing the structure of tale roots back to Vladimir Propp. Propp's theory basis contains a range of unchangeable structure for studying all the stories. In the result of reading a hundred of tales, propp has reached to the result that the tales characters are varied with hailing various actions (Functions). Despite of that, there is a shared structure in the stories. Prop also believes that the activities (functions) of the characters are limited, and according to his estimation are around 31 duties (functions). This study is an attempt for analyzing the structure of Kurdish tale based on the Vladimir propp's theory. Moreover, this study is attempts to demonstrate the position of Kurdish tale on the basis of the global principles of story. The acquired sample of this study is a story from "Chl cazy."

Key words: Morphology, Vladimir propp, Function, personality, Kurdish tale